
د. ئاراس محەممەد ساڵح



# هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا

١٧٨٤-١٩٥٨



هەواڵنامەی کتێب

# هۆیەکانی گەشەکردنی
# بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا

**١٧٨٤-١٩٥٨**

# هۆیەکانی
# گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا
# ١٧٨٤-١٩٥٨

هەولێنامەی کتێب

❖ ئامادەکردنی: د. ئاراس محەمەد ساڵح
❖ بابەت:
❖ دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ڕەوشت محەمەد
❖ تیراژ: ٥٠٠ دانە
❖ چاپخانە: سەردەم ٢٠١٥
❖ نۆبەی چاپ: یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەگشتییەکان
ژمارە (١٨١٤)ی ساڵی ٢٠١٥ی پێدراوە

# هۆیەکانی
# گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری
# لە شاری سلێمانیدا

**١٧٨٤-١٩٥٨**

هەوڵنامەی کتێب

**ئاراس محەممەد ساڵح**

**١٤٣٦ کۆچی - ٢٠١٥ زایینی**

## پێشکەشە

● پێشکەشە بە شارە گەردن کێلەکەم سلێمانی.

● پێشکەش بە هەموو ئەو دڵسۆزانەی چرای خوێندن و ڕۆشنبیریان لە سلێمانیدا هەڵکردوە، لەو ڕێگایەشدا هەستیان بە ماندووبوون نەکردووە، لەگەڵ ڕوناکی چراکانی دەستیاندا خۆشیان سوتاون و ڕێگایان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان ڕوناك کردوەتەوە، سلێمانی شاد و یادی ئەو دڵسۆزانە بەخێر..

هەولێرمەد کتێب

# ناوەرۆك


پێشەكی ........................................................ ٧
سەرەتا مەبەست لە ڕۆشنبیری چییە ........................................ ١١
پێشینەی مێژوویی شاری سلێمانی .......................................... ١٣

بەشی یەكەم هۆیەكانی گەشەكردنی لایەنی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا .... ٢١
یەكەم: پێشینەی مێژوویی ناوچەی شارەزوور لە ڕووی زانستیەوە............ ٢١
دووەم: پشتگیری میرانی بابان لە پرۆسەی زانست و ڕۆشنبیری ................ ٢٥
سێیەم: كۆكردنەوەی زانا گەورەكان لە سنوری قەڵەمڕەوی میرانی باباندا .... ٢٩
چوارەم: ئاڵوگۆڕی بازرگانی ............................................ ٣٢
پێنجەم: ئایین و ململانێی تەریقەتەكان ...................................... ٣٥
شەشەم: بوونی چەند مەڵبەندێكی زانستی لە ناوچەكەدا ........................ ٣٩
حەوتەم: كاریگەری شارستانیەت و ئەدەبی فارسی .............................. ٤١
هەشتەم: پێكهاتەی كۆمەڵایەتی دانیشتوان ................................... ٤٤
نۆیەم: هاتنی ئیستعماری بەریتانی و هێنانی چاپخانە ........................... ٥٠
دەیەم: گەڕانەوەی دەستەی ڕوناكبیری كورد لە ئەستەمبوڵەوە بۆ كوردستان . ٥٤
یازدەیەم: بزاڤی ڕۆژنامەنووسی لە شاری سلێمانیدا ........................... ٥٨
دوازدەیەم: دەركەوتنی پارت و ڕێكخراو لە سلێمانیدا ........................... ٦١
كۆتایی توێژینەوە ................................................... ٦٨

سەرچاوەكان ........................................................ ٧٠


هەواڵنامەی كتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

شاری سلێمانی بەدرێژایی مێژوی خۆی شارێکی گەردن کێل و پڕ جوڵە بزاڤی بەردەوام بووە، ئەم شارە بەهۆی گەردن کێلێکەیەوە هەموو کات بە زیندووی ماوەتەوەو جۆش و خرۆشی کپ نەبووە، شارێك بووە پڕ بووە لە ملاملانێی نێوان چین و دەستەو توێژە جیاوازەکان، بەڵام ململانێیەکی پڕ لە جوڵەی فکری و مەعریفی و گەڕان بەدوای پرسیاری نوێدا، ململانێی نێوان خودی میرانی بابان و چین و توێژەکان و دواتر جیاوازی نێوان هەردوو ڕێبازی تەسەوفی قادری و نەقشبەندی بەڵگەی زیندوویی ئم شارە گەردن کێلەن، هەروەها لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و بەگژاچوونەوەی گەورەترین زلهێزی ئەو سەردەمە یەکێکی ترە لە ڕووە گەشەکانی ئەم شارەو ئاماژەی بەهێزی گەردن کێلی و ڕازی نەبوونی بووە بە حوکمی عەجەم و سوخرەکێشی ئالی عوسمان.

جیاوازی دەستەو ئاراستەکانی لایەنگرانی شێخ مەحمود و دۆستانی تورکیای نوێ و داگیرکاری نوێی بەریتانی و جلخوارەکان، هەروەها خۆپیشاندانەکانی شەشی گەشی ئەیلولی ١٩٣٠و، سەرهەڵدانی دەستەو ڕێکخراوی پیشەیی و سیاسی و کڕینی چاپخانەو دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار، گرنگیدان بە خوێندن و کردنەوەی قوتابخانەو پشتگیری پرۆسەی خوێندن و ڕۆشنبیری لەلایەن بازرگان و دەوڵەمەند و خێرخوازانەوە نهێنی گەورەی گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری و فکری ئەم شارە گەردن کێلەن.

هەروەها شاری سلێمانی هەر لە کاتی دروستبوونیدا بۆ مەبەستی قەڵەمڕەوی میرایەتیەکی خاوەن هەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خاوەن دەسەڵاتی سیاسی دروست کراوە، میرانی بابان لەناوچەی قەڵاچوالان کە سەنتەری دەسەڵاتیان بووە هەستیان بەوە کردووە کە لەڕووی جوگرافیەوە ئەو جێگە بۆ پایتەختی دەسەڵاتێکی سیاسی کە چاوەڕوانی فراوانبوونێکی خێرای لێ دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا گونجاو نییە، بۆیە بڕیاریانداوە کە مەڵبەندی دەسەڵاتدارییەکەیان بۆ ناوچەی کانێسکان و مەڵکەندی و دەشتی شارەزوور بگوێزنەوە، کەواتە شاری سلێمانی هەر لەسەرەتای دروسنبوونیەوە بۆ مەبەستی شاربوون دروست کراوە، شار بەمانا سیاسی و سۆسۆلۆجی و کەلتوورییەکەی.

لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە بەهۆی لاوازی دەسەڵاتی عوسمانیەکان و ئەو ململانێی نێوان عوسمانی و سەفەوییەکان جۆرێك لە پشتگیری عوسمانیەکان بۆ دەسەڵاتە ناوچەییە کوردیەکان دەڕەخسێنێ کە نیمچە سەربەخۆبن، ئەمەیش وادەکات کە چەند میرنشینێکی کوردی دەربکەون، بابانەکانیش سود لەو هەلومەرجە وەردەگرن و هەوڵی بەرفراوان کردن و گەورەکردنی دەسەڵاتەکەیان دەدەن، بۆ ئەو مەبەستە بناغەی پایتەختی نوێ دادەمەزرێنن و شاری سلێمانی بنیات دەنێنن و لە قەڵاچوالانەوە دەگوێزنەوە بۆ جێگا نوێیەکە، هەر لەسەرەتای دامەزرانیەوە بزاڤی زانستی و ڕۆشنبیری چالاك و بەرچاو بووە، کۆمەڵێك هۆ یارمەتی بەرەوپێشچوونی ئەو بزاڤەی داوە کە جێگەی

لێکۆڵینەوەو قسە لەسەرکردنە، بەو هیوایەی ئەم توێژینەوە هەنگاوێك بێت بەو ئاراستەدا.

ئەم توێژینەوەیە باس لە لایەنێکی گرنگ و کاریگەری مێژووی شاری سلێمانی دەکات، کە ئەویش لایەنی بەرەوپێشچوونی ڕۆشنبیرییە کە هەتا ئێستا ئەوەندەی توێژەر ئاگاداربێت لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەوە نەکراوە، جگە لە چەند گوتارێکی ڕۆژنامەوانی ئەمەیش بۆخۆی گرنگی تایبەتی هەیە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆچی لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونی شاری سلێمانییەوە لایەنی زانستی و ڕۆشنبیری لەو شارەدا گەشەدەکات و پێش دەکەوێت، بەشێوەیەکی وەها کە لایەنی ڕۆشنبیری دەبێتە ناسنامەی ئەو شارە؟ ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە.

توێژینەوەکە پشت بە ڕێبازی بەڵگەنامەیی شیکاری دەبەستێت، بە پشت بەشتن بەسەرچاوەو بەڵگەنامەی پێویست لە بواری بابەتەکەدا.

لە کۆتاییدا داوا لە خوێنەرانی بەڕێزو دڵسۆزانی سلێمانی دەکەین بە سەرنج و تێبینیەکانیان هاوکاریمان بکەن، هەتا بتوانین بۆ چاپەکانی داهاتوو سودی لێوەرگرین و توێژینەوەکەی پێ تۆکمەتر و فراوانتر بکەین.

**پ.ی.د.ئاراس محمد صالح**

**زانکۆی سلێمانی**

**٠٧٧٠١٩٨٩٠٩٤**

**arashama70@hotmail.com**

هەواڵنامەی کتێب

# سەرەتـا

## مەبەست لە ڕۆشنبیری چییە

ڕۆشنبیری لە زمانی کوردیدا ڕەگوڕیشەیەکی کۆنی نیە، ڕەنگە ئەم زاراوەیە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەگەڵ بزاڤی ڕۆژنامەنووسی کوردی و دروست بوونی دەستەی ڕوناکبیری کوردیدا هاتبێتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردیەوە، زاراوەی ڕۆشنبیری بەرامبەر زاراوەی (culture) ئینگلیزی و(الپقافە)ی عەرەبیە، زاراوەی(culture) لە زمانی ئینگلیزیدا بەواتای پاکردنەوەو سازدان و ڕێك خستن و کێڵانی زەوی دێت بۆ کشتوکاڵ، هەندێ جار بە واتای ژیار (الحچارە) دێت، ڕەگەکەی (cult) بە واتای خواپەرستی و ئاین دێت، (cultivation) بە واتای کێڵاندن و پەیمان و سازدان و چاودێری هاتووە، (cultural) بە واتای ڕۆشنبیری تازەو دروستکراوە لە زمانی ئینگلیزیدا[1].

ڕۆشنبیری لە زمانی کوردیدا وشەیەکی لێکدراوە لە وشەی (ڕۆشن+ بیر) پێکهاتووە، ڕۆشن بەرانبەری تاریکیە، بریتیە لە دیارو زانراو، ڕۆشنبیر: زاناو

---

1- بڕوانە: پێگەی ئەلیکترۆنی: http://ar.wikipedia.org ویکیبیدیا الموسوعة الحرة.

تێگەیشتووی ڕۆژگاری خۆی، پێگەیشتوو، ڕۆشنفکر، بیر: هزرو فکر[1]، یاد، دەکرێت بڵێین ڕۆشنبیری کارو ئاکارو بەرهەمی مرۆڤی ڕۆشنبیرەو بەهەموو کارو چالاکیەکانی ڕۆشبیر دەوترێت ڕۆشنبیری.

زاراوەی ڕۆشنبیری لە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبیدا واتاکانیان نزیکە لە یەکەوە، بە واتای کێڵاندنی زەوی و سەرپەرشتی کردنی کشتوکاڵ هاتووە، بەڵام بە واتای ئاین و خواپەرستی هەر هەمان سەرچاوەیان هەیە، چونکە لە کۆندا سەرچاوەی سەرەکی ڕۆشنبیری ئاین بووە ئەگەر نەڵێین تاکە سەرچاوە بووە.

پێناسەی ڕۆشنبیری وەك زاراوە: لەبەر ئەوەی زاراوەی ڕۆشنبیری زاراوەیەکی ڕۆژئاواییە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ پێناسەکانی ئەوان، (تایلۆر) دەڵێ: ڕۆشنبیری پێکهاتەیەکی گشتیە هەریەك لە مەعریفەو بیروباوەڕو هونەرو ئەدەب و ڕەوشت و قانوون و دابونەرێت و دەگرێتەوە، هەروەها ئەو ئاکارو نەریتانەی تاك بەرهەمی دەهێنێ وەك ئەندامێکی کۆمەڵگە.

پێناسەی مالینوفسکی: ڕۆشنبیری دەزگایەکی کارایە مرۆڤ دەگوێزێتەوە بۆ بارێکی باشتر لەوەی تێدایە، ڕووبەڕوی کێشەو تەنگەژەکانی دەبێتەوە پێشنیاری گونجاویان بۆ دەستنیشان دەکات بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کێشانە.

ڕۆشنبیری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پەیداکراوە، هەموو لایەن و گۆشەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵ دەگرێتەوە، کۆمەڵێك پێکهاتەو ڕێبازو یاسایە، تێکڕای شێوەکانی هەڵوێست و ڕەفتاری پەیدا کراون بەرهەم و زادەی بیری مرۆڤە، کە ئەندامانی کۆمەڵگایەك پەیڕەویان دەکەن، ڕۆشنبیری

1- بڕوانە: هەژار، هەنبانە بۆرینە، چاپی یەکەم ١٣٦٩تاران- چاپخانەی سروش، ل٣٥٣.

بەرو ئەنجامی چالاکی بیرو ورەو ڕەفتاری کۆمەڵگایە لەسەردەمێکدا، گەشەیان پێدەرێت و فراوان دەکرێت، دروستبوون و سەرهەڵدانی بیروڕای باش و کرداری پەسەندە، زانست و زانیاریە بە هەموو بەش و لقەکانیەوە، بەهاو نەرێت و خوڕەوشت و داب و باوەڕو ئاین و قانوونە، ئاستی هۆشیاری و شێوازی ژیان و کەلەپورو زمان پێکهاتەی ڕۆشنبیرین، ڕۆشنبیری فەلسەفەی ژیانە زانیاری و هەڵوێست و بەرهەمە فکری و ئەدەبی و زانستی و هەموو چالاکیە ڕوناکبیریەکان لە پێکهاتەکانی ڕۆشنبیرین[1].

## پێشینەی مێژوویی شاری سلێمانی

سلێمانی هەر لە سەرەتاوە بنیاتنراوە وەك شارو بە مەبەستی شاربوون دروستکراوەو گوندێکی گەشەکردوو نەبووە، کە بە درێژایی ڕۆژگار گەشە بکات و ببێتە شارەدێ و شار، بەڵکو سلێمانی درێژکراوەی مێژووی شارێکی ناوەندی دەسەڵات و قەڵەمڕەوی وەك قەڵاچوالانی پایتەختی میرایەتی بابان بووە، میرانی بابان لە پێش قەڵاچوالانیشدا لە ماوەت و پێشتریش لە ناوچەی مەرگەو دارەشمانە خاوەن دەسەڵات بوون، سلێمانی بریتیبووە لە گواستنەوەی شارێك لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر لەبەر هەندێ هۆی بابەتی، مێژووی سلێمانی لەو ڕۆژەوە دەست پێناکات لە جێگەی ئێستایدا بنیاتنراوەو ناونراوە سلێمانی، بەڵکو درێژکراوەی مێژووی چەند سەدەی

---

1- بڕوانە: الدکتور احمد زکي البدوي، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، الطبعة الأولى ١٩٧٨، مکتبة لبنان- بیروت، ص٩٢-٩٣، هەروەها: فواد تاهیر صادق، ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم ١٩٨٩بەغداد، الشرکة العراقیة للطباعة الفنیة، ل١٥.

پێشخۆیەتی لە دارشمانەو ماوەت و قەڵاچوالاندا، کە پایتەختی بابانەکان بووە کە بەدەسەڵاترین میرایەتی کوردی ئەو سەردەمە بوون چ لە ڕووی دەسەڵاتی سیاسی و بەرفراوانی جوگرافی قەڵەمڕەوەکەیانەوە.

قەڵاچوالان لە پێش گواستنەوەیدا بۆ شوێنی ئێستای سلێمانی بۆ ماوەی چەند دەیە پایتەختی میرایەتی بابان بووە، ئەو شارە بە پێوەری ئەو سەردەمە هەموو پێویستیەکانی شار بوونی تێدا بووە، بونی دەسەڵاتی سیاسی و ملکەچی دانیشتووەکانی بۆ قانون و بڕیارەکانی میر، هەروەها لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتوانیشەوە هەموو پێکهاتەکانی شاری لەخۆگرتووە، هەر لە چینی بازرگان و پیشەگەرەکان و دەوڵەمەندەکان و مامۆستاو قوتابی و بوونی کتێبخانەی گەورەی بابان و خاوەن موڵك و مەلاو چینی خوێندەوار، هەروەها بوونی کارمەندی کتێبخانەو نوسەرەوەی کتێب و بەرگتێگر و لانەی منالّی بێباوك و هەژار و بێنەواو زۆر دیاردەی تری شاربوون لە قەڵاچوالاندا بوونیان هەبووە.

پێش گواستنەوەی قەڵاچوالان ئەو شارە ناوەندێکی گرنگی خوێندن و خوێندەواری بووە، لە هەموو گۆشەو کەنارێکەوە قوتابیان زانست ڕویان تێکردووەو لە توانای زانستی مامۆستا و خوێندنگەکانی قەڵاچوالان بەهرەمەند بوون، هەروەها میرەکانی بابان لەسەر ئاستی کوردستان هەر مامۆستا و مەلاو زانایەکی بەتوانایان بینبێ بانگهێشتی قەڵاچوالانیان کردووەو لەو شارەدا مزگەوت خوێندنگەو ژیانیان بۆ دابین کردووەو هاوکاریان کردووە، هەر لەخۆڕا نیە سەدان زانای گەورەی وەك مەلا محەمەدی غەزایی و مەلا عەلی قزڵجەیی و چۆڕیەکان و بەرزنجیەکان و

مەردۆخیەکان و دەیان و سەدانی تر لەو شارەدا کۆبوونەتەوەوەو دەرسیان وتوەتەوەو سەدان زانای گەورەیان پێگەیاندووەو ئەوانیش دوای تەواوکردنی خوێندن و لادێ و شارۆچکەو شارەکانی تری کوردستانیان بە زانست ئاوەدان کردووەتەوە[1].

لە قەڵاچوالاندا پێش گواستنەوەی لەڕووی بیناسازیەوە لەو شارەدا بینای میرایەتی و کاروباری حکومەت و خانووی میرەکان و پیاوە گەورەکان و مەلاکان و کەسایەتیەکانی تری شار و کتێبخانەو چەندین مزگەوت و خوێندنگەو ژمارەیەکی زۆر فەقێ و لانەی بێباوکان و حەمام و بازاڕ و کاروانسەراو زۆر جێگەی تری تێدا بووە.

لەکاتی گواستنەوەی ئەو شارەدا داروپەردووی بیناو مزگەوت و خوێندنگەکانی گواستراوەتەوەو لە شاری نوێدا جارێکی تر کراونەتەوە بە مزگەوت و خوێندنگە و خانوو، ئەمەیش هەنگاوێکی باش بووەو بۆ کارئاسانکردن و کەمکردنەوەی تێچووی بینا نوێیەکان، یەکێك لە مزگەوتانەی داروپەردووی لە قەڵاچوالانەوە بۆ سلێمانی گواستراوەتەوە مزگەوتی شێخ ئەمینی خاڵ و بنەماڵەی خاڵە، کە هەر لە قەڵاچوالاندا خاوەنی مزگەوت و خوێندنگەو فەقێ بوون، ئەم خێزانە سەر بە خێزانی چۆڕیەکان و مەلا ئەبوبەکری موصەنیفن و زیاتر لە شەش سەدە لە کوردستاندا خزمەتی زانست و فەقێ و مزگەوت و خوێندن و خوێندەواریان کردووە[2].

---

1- الشخ محمد الخال، الشیخ معروف النودهي البرزنجي، ص ١٢-١٣.

2- محەمەد قزڵجەیی، ناساندنێکی مزگەوتەکانی سلێمانی خوێندنگە ئاینیەکانی، وەرگێڕانی: د.ئاراس محمد صالح، ل ٥٢.

مەحمود پاشای بابان لە ساڵی ١١٩٦کۆچی سەرای سلێمانی لە نزیك گوندی مەڵکەندی دروستکرد، مەحمود پاشا و میرایەتیەکەی جێگەی گرنگی پێدانی والی بەغداو دەوڵەتی عوسمانی بوون، تەنانەت والی بەغدا لەکاتی کێشەی خێڵە عەرەبەکاندا پەنای بۆ هێناوەو ئەویش خۆی سوپای فریای کەوتوون، دوای ئەوەی مەحمود پاشا واز لە دەسەلات دەهێنێ، ئیبراهیم پاشای بابان جڵەوی حوکم دەگرێتە دەست، ئیبراهیم پاشا لە کاری میرایەتی و حوکمڕانیدا زۆر زیرەك و دادپەروەر لێهاتوو بووە، لەلایەن والی بەغداوە نازناوی میری میرانی پێدراوە، لەبەر ئەوەی ئیبراهیم پاشا نیوەی ژیانی لەشارێکی گەورەوی وەك بەغداد بەسەر بردووە حەزی لە ژیانی شارستانی بووە، هەروەها خولیای ئەوەی هەبووە کە میرایەتی بابان زیاتر فراوان بکات و وەك حکومەتێکی سەربەخۆ مامەڵە بکات، بۆ ئەو مەبەستە بیر لەوە دەکاتەوە کە نەخشەی شارێکی گەورە دابڕێژێت، بۆ ئەو مەبەستە دوای پرس و ڕاو بۆچوونی زۆر بڕیار دەدات لە نزیك ئەو سەرای مەحمود پاشای مامی دروستیکردبوو بنیاتی شارێکی نوێ بنێت.

ئەبێت ئاماژە بەوەیش بکەین هەرچەندە میرایەتی بابان جێگەی بایەخپێدانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی بوون، عوسمانیەکان بۆ پاراستنی دەوڵەتە سونیەکەی خۆیان لەبەرامبەر پەلاماری دەوڵەتی سەفەوی شیعە مەزهەب زۆر گرنگی بە میرایەتیە کوردەکان دەدا، تەنانەت ئەو میرایەتیانە وەك سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆ مامەڵەیان کردووە، ئەو ململانێی نێوان عوسمانیەکان و سەفەویەکاندا بووە کورد توانیویەتی سودی لێ وەربگرێت و گەشە بەدەسەلات و حوکمڕانی خۆیان بدەن، بەڵام مەخابن

بەهۆی کێشەو ململانێی میرەکانی بابان لەناوخۆیاندا و پەنا بردنیان بۆ عوسمانی و سەفەویەکان بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانیان و دەستگرتن بە بەسەر کورسی حوکمڕانی بووبووە دەردێکی کوشندەی جەستەی ئەو میرایەتیە، ڕەنگە ئەو ململانێ ناوخۆیانەی میرانی بابان نەبوایە بتوانرایە هەر ئەو کاتە حکومەتی سەربەخۆی بابان ڕابگەیەنرایە، یان هەر نەبوایە خزمەتێکی زیاتریان بە وڵات و خوێندن و خوێندەواری و بەرەوپێشبردنی وڵاتی کوردان بکردایە[1].

ئیبراهیم پاشا لە نزیك سەرا بنیاتی هەندێ خانوو دەنێت و لە هەمان کاتدا مزگەوتی گەورە دروست دەکات، مزگەوتی کەورە لەدەرەوەی شارو لەشوێنێکی وەك کانی ئاسکاندا و بوونی خوێندنگەو کتێبخانە و شوێنی فەقێ و مەلا زیاتر لە شێوەی زانکۆدا بووە نەك تەنها مزگەوتێك بۆ نوێژکردنی دانیشتوانی گەڕەکێك، گەرماو، بازاڕ، خانی دروستکرد، ئیبراهیم پاشا بەردەوام لەکارەکانی هەتا لە ساڵی ١١٩٩کۆچی بەرامبەر ١٧٨٤زاینی پایتەختی میرایەتی بابانی لە قەڵاچوالانەوە گواستەوە شوێنی نوێ، ئەگەر بە وردی سەرنجی بڕیاری دروستکردنی سلێمانی بدەین کە هەریەك لە مێژوونووسی گەورە (محمد ئەمین زەکی بەگ) و مامۆستا (محەمەد قزڵجەیی) و مامۆستا (شێخ محەمەدی خاڵ) باسیان کردووە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سلێمانی گواستنەوەی شارێك بووەو بۆ دروستکردنی شارێکی گەورەتر ، لێرەوە هەموو ئەو بۆچوونانە ڕەتدەکرێنەوە کە باس لەوە

1- محەمەد ئەمین زەکی بەگ، مێژووی سلێمانی و وە وڵاتی، ل ٧٩ بەدواوە.

دەکەن کە سلێمانی گوندێکی گەشەکردوو بێت، یان مێژووی سلێمانی کورت بکەنەوە بۆ مێژووی دروستکردنی شاری نوێ.

مامۆستا محەمەد قزلّجەیی بەم شێوەیە باس لە دروستکردنی دەکات: مەڵبەندی حوکمڕانی میرایەتی بابان پێش دروستکردنی سلێمانی شارۆچکەی قەڵاچوالان بووە، شارۆچکەی قەرەداغ پێشنیارکراو بووە بکرێتە مەڵبەندی میرایەتیەکە، بەڵام دوایی ئیبراهیم پاشا سلێمانی بنیاتنا، بە دروستکردنی باخچەیەکی گەورە ڕازاندیەوەو ناونرا بە چوارباخ لە تەنیشتی کانێسکانەوە، لە هەموو لایەکەوە نەمامی بۆهێنا، زۆر جۆر داری تێدا ڕواند، بەڵام دوایی ڕۆژگار بۆ ئەو لەبار نەبوو، لەسەرەتای سەدەی سیانزەی کۆچیدا بارەگای حکومەتی گواستەوە سلێمانی، دەوڵەمەندەکان و زانایان و پیاوماقوڵان وبازرگانەکان گواستیانەوە بۆ مەڵبەندی نوێ، خانووەکان و مزگەوتەکانی قەڵاچوالانیان تێکچوون شوێنەکانیان کوێربوونەوە، سلێمانی وردە وردە ئاوەدان و فراوان بوو، زۆر کارەساتی ناخۆشی تووش بووە لەسەردەمی بابانەکان و دوا ئەوانیش، بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم ئەو برسیتی و قاتوقڕیە ڕووی تێکرد، وێڕای بۆردومانکردنی بە فڕۆکەو سوتاندنی و کوشتن و تالانکردنی[1].

لەم نووسینەی مامۆستای قزلّجەییەوە ئەو دەردەکەوێت کە ئیبراهیم پاشا کەسێکی زیرەك و لێهاتوو ئاگاداری ژیانی شارستان بووە، بۆیە باخچەو نەخشەی شاری بەو شێوە پێشکەتووە ناوە، هێنانی چینەکانی وەك دەوڵەمەندەکان و زانایان و پیاوماقوڵان وبازرگانەکان گواستیانەوە بۆ

---

1- محەمەد قزلّجەیی، ناساندنێکی مزگەوتەکانی سلێمانی خوێندنگە ئاینیەکانی، ل ٤٠-٤١.

مەڵبەندی نوێ، هەموو ئەو توێژانە توێژی شارین و هۆیەکی بەهێزن بۆ پێشکەوتنی شار لەڕووەکانی و خوێندەواری و کەلتوری و ئابوری و بازاڕو جموجوڵی بازرگانیەوە.

سەرجەم ئەو کەسانەی باس لە مێژووی سلێمانی دەکەن باس لەوە دەکەن کە سلێمانی درێژکراوەی چەند سەدەی حەکمڕانی میرانی بابانەکانە، هەروەها درستکردنی سلێمانی بریتیە لە گواستنەوەی شارێکی ئاوەدانی وەك قەڵاچوالانی مەڵبەندی حوکمڕانی ئە میرایەتیە، دروستبوونی ئەو شارە بە بڕیار و پلانی دووربینی میرانی بابان و بۆ مەبەستێکی گەورەو داهاتویەکی پرشنگدار دروستکراوە، هەر ئەمەیش هەموو ئەو بۆچوونانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لە مێژووی سلێمانی دەکەن وەك گوندێکی گەشەکردوو، یان مێژووی سلێمانی کورت دەکەنەوە بۆ تەنها کاتی دروستکردنی سلێمانی.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم
# هۆیەکانی گەشەکردنی لایەنی ڕۆشنبیری
# لە شاری سلێمانیدا

بێگومان کۆمەڵێك هۆو فاکتەری سەرەکی یارمەتی گەشەکردنی لایەنی زانستی و ڕۆشنبیرییان داوە لە شاری سلێمانیدا هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە، لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو هۆیانە دەکەین کە یارمەتیدەری سەرەکی بوون لەو بوارەدا، لە گرنگترین ئەو هۆیانە:

## یەکەم: پێشینەی مێژوویی ناوچەی شارەزوور لە ڕووی زانستیەوە:

ناوچەی شارەزوور هەر لەدوای هاتنی فتوحاتی ئیسلامییەوە ناوچەیەکی گرنگی زانستی بووە، مزگەوت و خوێندنگەی تێدا بووە، یاقوتی حەمەوی خاوەنی کتێبی (معجم البلدان) باس لە ئاوەدانی شارەزوور دەکات کە شەست هەزار خێزان نیشتەجێی ئەو ناوچەن، کە ناوچەیەکی ئاوەدان و پڕ لە باخ و باخات و کشتوکاڵی زۆرە، ئاماژە بەوە دەکات کە لەناوچەی شارەزور زۆر پیاوی گەورە و پێشەوای ئاین و زاناو فەقیهو قازی هەن کە ناتوانرێت ناوی هەموویان بژمێرێ ئەوەندە زۆرن، وە بەردەوام دەبێت لە سەر قسەکانی دەڵێ: ئەوەندە بەسە کە قازییەکانی شارەزوور خاوەن پلەو

پایەی گەورەن و هەندێکیان لە شام قازی بوون زانای گەورەی ئاینی بوون لە سەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی، قوتابخانەکانی ئەو سەردەمەش پڕبوون لە قازی و مامۆستای شارەزووری لە شارەکانی جیهانی ئیسلامی[1].

گەڕیدەی دێرین (مسعر بن مهلهل الخزرجي) لە گەشتەکەیدا بۆ ناوچەی شارەزوور[2] لە ساڵی (٣٤١ك) باس لەوە دەکات کە لەناوچەی شارەزوورو لە نزيك (زەڵم) شاری (نيم أزراى)[3] هەبووەو مزگەوتی گەورەی جومعەو جەماعەتی (مسجد جامع) تێدا بووە، هەموو ئەمانە بەڵگەن کە هەر لەسەرەتای هاتنی موسڵمانان بۆ کوردستان مزگەوت دروستکراوەو پرۆسەی خوێندن دەستی پێکردووە، زاناو خوێندەواری گەورە لە ناوچەکانی کوردستاندا هەڵکەوتوون و ناو و ناوبانگیان بە جیهانی ئیسلامییدا بڵاو بووەتەوە، بەتایبەتی لەو ناوچەی شارەزووردا کە هەتا ئێستاش لە کتێب و نووسین و دانراوەکانیان نوسەران و توێژەران و مێژوونووسان بەهرەمەند دەبن.

گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی زانست و زانیاری لە ناوچەی شارزووردا بەردەوام بووە هەتا هاتنی هێرشی مەغۆلەکان، هێرشی مەغۆلەکان بۆ

---

1- بڕوانە: الامام شهاب الدين أبو عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموي الرومي البغدادي، معجم البلدان، الطبعة الثانية ١٩٩٥- دار الصادر، بيروت، م٣ص٣٧٥-٣٧٦.

2- بڕوانە: مسعر بن مهلهل الخزرجي أبو دلف، الرسالة الثانية، اعتنى بنشرها مينورسكي، بدون عدد الطبع، مطبعة جامعة القاهرة ١٩٥٥م، القاهرة، ص ١٠-١١.

3- (نيم أزراى) يان (نيمراه) نيوەی ڕێگا، هەردوو ڕۆژهەڵاتناس (جريكوف) و(هرتسفيلد) دەڵێن شاری (نيم ئەزرای) گوڵعەنبەر خورماڵی ئێستایە. بڕوانە: الشيخ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، الطبعة الاولى ١٩٦١، من مطبوعات المجمع العلمي العراقي، مطبعة التمدن، بغداد، ص٩. هەروەها: دائرة المعارف الاسلامية، يصدرها باللغة العربية، أحمد الشنتناوي، ابراهيم زكي خورشيد، عبدالحميد يونس، الطبعة العربية، م١٣ص٤١٩.

ناوچەی شارزوور دەبێتە هۆی داگیر دەکەن و وێرانکردنی هەموو مەڵبەندە زانستیەکانی ئەو ناوچەیە، دانیشتوان و زاناکانی ئەو ناوچە ناچار دەکەن کۆچ بکەن بۆ وڵاتی شام و میسر، ئەو داگیرکارییە مەغۆلییە وێرانکەرە چرای زانست و زانیاری لەناوچەکەدا کز دەکات، بەڵام دوای هاتنی بابانەکان ئەوان جارێکی تر ئەو ناوچە ئاوەدان دەکەنەوەو مزگەوت و قوتابخانە بنیات دەنێنەوە گرنگی زۆر بە زانست و خوێندن دەدەن[1].

لەپێش گواستنەوەی میرایەتی بابان بۆ جێگەی نوێیەکەی، قەڵاچوالان کە پایتەختی میراتیەکە بووە، بە پێوەری ئەو کاتە تا ئاستێکی باش پێشکەوتوو بووە، چەندین خوێندنگەو زانای گەورەی تێدابووە، لە هەموو لایەکەوە قوتابی ڕووی تێکردووە، کتێبخانەی بەناوبانگی بابانی لەو شارەدا بووەو چەندین دەستنووسی دەگمەنی عەرەبی و فارسی لەو کتێبخانەیەدا بووە، میرانی بابان نووسەری بەتوانایان ناردووە بۆ قاهیرەو مەکەو سەنعاو تاران و ئەسفەهان بۆ کڕینی کتێب و نووسینەوەی و هێنانی بۆ کتێبخانەی قەڵاچوالان، ژمارەی کتێبەکانی بە نزیکەی شەش هەزار بەرگ کتێبی دەگمەن مەزەندە دەکرا، زۆر دەستنووسی بەدەستخەتی نووسەرەکەی تێدابووە، میران و حاکمەکانی بابان زۆر زانستپەروەر بوون، گرنگیان بەشیعرو ئەدەب داوە، قوتابخانەو مزگەوتیان بنیات ناوەو برەویان بە زانست و زانیاری دەدا[2].

---

1- بڕوانە: محمد القزلجي، التعريف بمساجد السليمانية ومدارسها الدينية، الطبعة الاولى ١٩٣٨ مطبعة النجاخ- بغداد، ص ٢٢-٢٣. والشيخ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، الطبعة الاولى ١٩٦١، مطبعة التمدن- بغداد، ص ١١.

2- والشيخ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، ص ١٢.

## دووەم: پشتگیری میرانی بابان لە پرۆسەی زانست و رۆشنبیری

هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم مزگەوت وحوجرە تەنها جێگەی خوێندن و خوێندەواری بوون لە کوردستاندا، میرەکانی بابانیش لەرێگەی مزگەوت و زانایانی ئایینیەوە فێری خوێندەواری بوون، لە هەمان کاتدا قازی و کاربەدەستی قەڵەمرەوەکەیان دەرچووی خوێندنی مزگەوت و حوجرە بوون، واتە هەموو ئەوکەسانەی توانیویانە کاروباری ئەو قەڵەمرەوە بەرێوە ببەن خوێندەوارانی دەرچووی مزگەوت بوون، ئەمە جگە لە هەژموونی ئایدیایی ئایین وەك تاکە ئایدیاو پاڵنەری رۆحی و فکری کۆمەڵگە و دەسەلات، هەموو ئەمانە وادەکەن میرانی بابان گرنگی زۆر بە خوێندن و خوێندەواری بدەن، ناردنی نێردەکانیان بۆ شارە دوورەکانی وەك مەکەو سەنعا و قاهیرەو ئەستەمبوڵ و چەندین جێگەی ترو بنیاتنانی کتێبخانەی گەورەی قەڵاچوالان[1] بەڵگەی هۆشیاری ئەو میرانەو گرنگی دانیانە بە خوێندن و رۆشنبیری، هەرئەم پشتگیریەشە وادەکات هەر لەسەردەمی قەڵاچوالانەوە لایەنی خوێندن و رۆشنبیری لەو میرایەتیەدا پێش بکەوێت.

لەلایەنی بەرێوەبردن دابینکردنی لایەنی دارایی و مەسرەفی سەرجەم خوێندنگەو مزگەوت و حوجرەو فەقێ و زاناکان و پێویستی خوێندن لەلایەن میرانی بابانەوە دەستەبەر دەکراو زۆر موڵك و ماڵ و داهاتی کشتوکاڵی چەند ناوچەیەکیان وەقف کردبوو بۆ مەسرەفی خوێندن و دابینکردنی کتێب و

1- بڕوانە: الشیخ محمد الخال، الشیخ معروف النودهي البرزنجي، ص١٢.

بەڕێوەبردنی پرۆسەی خوێندن[1]، بێگومان پشتگیری بەردەوامی میرانی بابان لە پرۆسەی خوێندن دەوری گەورەو کاریگەری هەبووە لەبەرەوپێشبردنی ئەو پرۆسە گرنگەو پێگەیاندنی چەندین زانای گەورەو کۆکردنەوەی سەدان کتێب و دەستنووسی بەرنرخ.

وەقفنامەکەی سلێمان پاشای دووەمی بابانی (١١٧٧ك-١٧٦٣ز) بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر پێشکەوتنی پرۆسەی خوێندن لە میرایەتی بابان و گرنگیدانی میرانی ئەو میرایەتیە بە خوێندن و ڕۆشنبیری و کاری خێرخوازی فراوانی سنووری دەسەڵاتەکەیان، لەو وەسیەتنامەدا نامەدا میر دەڵێ: ئەوا وەقفم کرد هەموو خانوو بەرەو باخ و ئاشەکان و خانەکان و زەویەکان جۆگەو دوکان و نەخۆشخانەکانم ئەوانەی کە بەکڕین موڵکی خۆمن، هەروەها هەموو گوندەکانی شارزوورو ئەو گوندانەی تازە ئاوەدانم کردوونەتەوەو، شارۆچکەی کۆیەو پاشکۆکانی، هەولێرو ئەو شوێنانەی دەیگرێتەوە، کەرکوك و ئەو شوێنانەی سەربەو شارەن، مەریوان و گوندەکانی، هەموو ئەمانەم وەقف کرد لەسەر قوتابخانەکانی قەڵاچوالان و مامۆستاکانی و قوتابیەکانی و پردەکانی و ناوچەی شارزوور، وە لەسەر منالانی بێ باوك کە لە قەڵاچوالان خەریکی خوێندنن، وە لەسەر ئەوانەی لە دەرۆژی کۆتایی ڕەمەزاندا لە ئیعتیکافدان، هەروەها لەسەر میوانخانەکان و

---

[1] - بڕوانە: ئەکرەمی مەحمودی صاڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی ٢٠٠ساڵ، پێداچوونەوەو پێشەکی د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، چاپی سێهەم بەدەستکارییەوە، چاپخانەی ڕەهەند- سلێمانی ٢٠١١، بەرگی یەکەم، ل ١٧٢.

شوێنەکانی ئامۆژگاری (وعظ) و وەرگێڕان و ڕێکخەرانی کتێب[1]، وە لەسەر قوتابخانەی گوڵعەنبەرو مامۆستاو قوتابیەکانی و مزگەوتەکانی، وە لەسەر

---

1- ڕەنگە بابانەکان لە هەوڵی ئەوەدا بووبن دەزگایەکی وەك (بيت الحكمة)ی سەردەمی دەوڵەتی عەباسی دروست بکەن کە دامەزراوەیەکی ڕۆشنبیری گەورە بووەو لە هەموو لاوە هەوڵیان داوە کتێبی بە نرخ و دەستنووسی دەگمەنیان تێدا کۆکردووەتەوەو کتێب ڕێکخەرو وەرگێڕی بەتوانایان بۆ هێناوەو هەموو پێویستیەکانی وەك لایەنی دارایی و موچەی ئەو کارمەندانە لەسەر دەوڵەت بووە، تەنانەت دەڵێن هەندێ جار بە کێشی کتێبەکە زێڕیان داوە بەو وەرگێڕەی کە ئەو کتێبەی لە فارسی و یۆنانی و زمانەکانی ترەوە کردووە بە عەرەبی، هەر ئەو دەزگایە دەورێکی گرنگ و گەرەی بینیوە لە بەرەو پێشبردنی لایەنی زانستی و مەعریفی  هەموو شارستانیەتی ئیسلامیدا، بەلاّم هەرچەندە قوتابخانەی گەورەی بابانەکان دەوری گەورەی بینیوە، بەلاّم بە هۆی ناتەبایی و میرەکانی بابان لەناو خۆیاندا لەلایەك هاڕینی میرایەتیەکەیان لە نێوان بەرداشی هەردوو دەوڵەتی صەفەویی و عوسمانیدا ئەو هەلە بۆ میرەکانی بابان نەڕەخساوە کە هەوڵەکانیان بگاتە ئاستی (بيت الحكمه)ی سەردەمی عەباسیەکان لە بەغدا. (بيت الحكمه) یەکەم زانکۆیە لە مێژوودا کە لە کتێبی (گینیس)دا هاتووە، لەسەردەمی خەلیفەی عەباسی (هارون الرشيد)و (مأمون)ی کوڕیدا دروستکراوە، دروستکردنی ئەو دامەزراوە گواستنەوەیەکی گەورە بووە لە وەرگێڕاندا وەك سەرەتایەك بۆ سەردەمی زێڕینی ئیسلامی لەسەرەتای سەدەی نۆیەمی زاینیدا لە دەوروبەری ساڵی (٨٤٠ز)دا، هەروەها ئەو دەزگایە بە گەورەترین شانازی شارستانیەتی ئیسلامی دادەنرێت وەك یەکەم زانکۆ لە مێژوودا، شوێنی قوتابیان و مامۆستایان و گۆڕەپانێکی گەورەو چێشتخانە و شوێنی میوانی تێدا بووە.

بەهۆی پشتگیری خەلیفەکانی عەباسیەوە (بيت الحكمه) دەبێتە کۆگای کتێب و مەڵبەندی وەرگێڕان و دانانی کتێب، هەروەها دەبێت جێگەی توێژینەوەی ئەستێرەناسی، ئەوەی زۆر (بيت الحكمة)ی پێ دەناسرێتەوە فرە بابەتی سەرچاوەکانی لە کتێبی کۆن و ژیاننامەو ئەو کتێبانەی بۆ خەلیفەکان نووسرابوون ئەو کتێبانەی نووسرابوونەوە بەو شێوەیە بووبووە کوڕێکی زانیاری، ئەم مەڵبەندە زانستیە بەردەوام دەبێت هەتا هێرشی مەغۆلەکان بۆ سەر شاری بەغداد لە ساڵی (٦٥٦کۆچی ١٢٥٨زاینی) کە بەشی زۆری وێران کراو لە ناوچوو، لەو کاتەدا ژمارەی کتێبەکانی بە سێ سەد هەزار کتێب مەزندە دەکرا. سەرچاوە: پێگەی ئەلیکترۆنی: http://ar.wikipedia.org ویكیبیدیا الموسوعة الحرة.

قوتابخانەو مامۆستاو قوتابیانی کۆیە، هەروەها لەسەر قوتابخانەی هەولێرو مامۆستاکانی، وە لەسەر ئەو دوو قوتابخانەی لە کەرکوك دروستمان کردووە، وە لەسەر قوتابیان و مامۆستایان بە تەواوی[١].

ئەم وەقف نامەیە مۆرو ئیمزای بیست و هەشت زانای گەورەی ئەو سەردەمەی قەڵاچوالان و هەموو قەڵەمڕەوی بابانی بەسەرەوەیە، هەروەها ئەم بەڵگە نوسراوە بایەخدارە گرنگیدان و گەشەکردنی زانست و خوێندن و فراوانی دەسەڵاتی بابانەکان پیشان دەدات، کە چەند گرنگیان بە خوێندن و خوێندەواری و کاری خێرخوازی داوە[٢].

یەکێك لە میراتیە گەورەکانی میرایەتی بابان ئەم زمانە ئەدەبییە کوردیە کە بووەتە زمانی نووسین و کاروباری ڕەسمی کوردستان، هەر لە ڕۆژانی پەیدابوونی ئەم میرنشینەوە شێوەی خوارووی زمانی کوردی بووە زمانی ڕەسمی میرنشینەکە، بۆ یەکەم جار شاعیرانی کورد لە کوردستانی خواروودا، بە زاراوەی ئەم ناچەیە هەڵبەستی نیشتمانیان بەسەر گەلی کوردو تێکۆشانی میرنشینی بابان و ئامانجەکانیدا هەڵدا، شابەشانی شیعرە دڵداریەکانیان، شانازیان بە پاڵەوانانی کوردەوە کردووەو بۆ ڕوخاندنی میرنشینی بابان فرمێسکیان ڕشتووە[٣].

---

1- بڕوانە: محمد القزلجي، التعريف بمساجد السليمانية ومدارسها الدينية، ص٢٦-٢٧.

2- الشيخ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، ص ١٧-١٨. هەروەها بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لە نێوان بەردای ڕۆم و عەجەمدا، چاپی دووەم ١٩٩٨ چاپخانەی خاك- سلێمانی، ٨٣-٨٤.

3- بڕوانە: دکتۆر کاوس قەفتان، چەند سەرنجێك دەربارەی میرنشینی بابان، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات زانکۆی بەغدا، ژمارە ١٩ساڵی ١٩٧٦ز، ل ١٦٨.



هەولاتنامەی کتێب

ئەگەر لە سەدەی حەڤدەو هەژدەدا کتێبخانەیەکی لەو جۆرە لە شوێنێکی وەك قەڵاچوالاندا هەبووبێت بەڵگەیەکی ڕوون ئاشکرایە لەسەر گرنگیدان و پشتگیری میرانی بابان بە خوێندن و ڕۆشنبیری و سووربوونی خەڵکەکەی لەسەر خوێندن و زانست، بەتایبەتی کە لەو سەردەمەدا کتێب زۆر بە زەحمەت دەست کەوتووەو بوونی کتێبخانە زۆر دەگمەن بووە بۆ شوێنێکی وەك وڵاتی کوردەواری.

ئەگەر پشتگیری بابانەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزو بەردەوامدا نەبوایە لە پرۆسەی خوێندن و ڕۆشنبیری و زانایان بێگومان بەهۆی ئەو هەموو شەڕوشۆڕو ململانێی خۆیان و هێنانی هۆردوی بێگانە بۆ سەر دەسەڵاتەکەیان و ئەو هەموو نائارامیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی ناوچەکەوە ڕەنگە ئەو هەموو زاناو نووسین و دەستنووسە زۆرەی ئەمڕۆ لەبەردەستدایەو هیچ شوێنەوارێکیان نەمایە، بەڵام پەرەپێدانی زانست و ڕۆشنبیری لەلایەن ئەو میرانەوە ئەوەندە بەرفراوان بووە هیچ یەك لەو لەمپەرانە نەیتوانیوە تووشی ڕاوەستان و پاشەکشەی بکات یان داروپەردوی بدا بەسەریەکدا هیچی نەمێنێ. میرانی بابان بەچەند ڕێگەیەك پشتگیری خوێندن و ڕۆشنبیریان کردووە لە قەڵەمڕەوەکەیاندا:

یەکەم: کۆمەڵێك لە مامۆستا گەورەکانی ئەو سەردەمە کتێبی تایبەتیان بۆ میرانی بابان داناوەو نووسیوەتەوە، زۆرێك لەو کتێبانە کە بۆ ئەو میرانە نوسراوە کتێبی بەنرخ بوون و لەکاتی ئێستادا زۆرێکیان لە (دار المخطوطات العراقية) لە بەغدا پارێزراون.

دووەم: میرەکان کتێبیان بۆ زاناکان و کتێبخانە گەورەکان وەقف کردووە، ئەم هەنگاوەیش کاریگەری زۆری هەبووە لە بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری و ئاوەدانکردنەوەی کتێبخانەکان و کارئاسانی بۆ خوێنەران.

سێیەم: فەرمانیان بە نووسینەوەی کتێب داوەو کتێبیان بۆ نوسراوەتەوە، تەنانەت لە وەقفنامەکەی سلێمان پاشادا ئاماژە بە لیژنەی نووسینەوەی کتێب دەکات لە کتێبخانەی قەڵاچوالاندا بە (نساخ) ناویان دەبات، ئەمەیش بەڵگەی گرنگیدانی میرانی بابانە بە نووسینەوەی کتێب.

چوارەم: گرنگیدانی میرانی بابان بە خوێندن و خوێندنگەو فەقێیان وایکردووە ئەو میرانە زۆر لای ئەو توێژە گرنگەی ئەو سەردەمەی کوردەواری خۆشەویستبن و زۆریان بەشانازییەوە ناو مێژووی میرانی بابانیان لە پەراوێزو کۆتایی دەستنووسەکانیاندا تۆمار کردووە، ئەمەیش سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ زانینی زۆر لاپەڕەی نەزانراوی مێژووی بابانەکان[1].

هەواڵنامەی کتێب

## سێیەم: کۆکردنەوەی زانا گەورەکان لە سنوری قەڵەمڕەوی میرانی باباندا

یەکێکی تر لە هەنگاوەکانی میرانی بابان بۆ گەشەپێدانی خوێندن و خوێندەواری لەناو قەڵەمڕەوەکەیاندا کۆکردنەوەی زاناو مەلا گەورەکان بووە لەسنوری میرایەتیەکەیانداو دابینکردنی خوێندنگەو گوند بوە بۆ ئەو زانا بەهرەمەندانە، ئەم هەنگاوەشیان بۆ گەشەپێدانی خوێندن و خوێنەواری بووە

---

1 - بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، چاپی یەکەم ١٤٢٢ك-٢٠٠٢ز، چاپخانەی الخنساء – بەغدا، بەرگی چوارەم، ل ٤٨ بەدواوە.

لەناوچەکەیاندا، لەناو مەڵبەندی پایتەختی میرایەتی باباندا لە قەڵاچوالاندا زۆربەی مەلا گەورەو ناسراوەکانی کوردستان کۆدەکەنەوەو خوێندنگەو مزگەوت و قوتابیان بۆ دابین کردوون، هەروەها کتێب و کتێبخانە و دابینکردنی بژێوی و ژیانی مامۆستایان و قوتابیان لە ڕێگەی سیستمی وەقفەوە (نظام الوقف) بۆ دەستەبەر دەکەن.

لەو زانا گەورانەی لەشاری قەڵاچوالان و پایتەختدا خاوەنی خوێندنگە بوون وەك مەلا محەمەدی غەزایی و مەلا عەلی قزلْجەیی و بنەماڵەی خاڵ و مەردۆخیەکان و بەرزنجیەکان و چەندین زانای گەورەی ئەو سەردەمە، کۆبوونەوەی ئەو زانا گەورانە لە قەڵاچوالاندا هەر لەخۆڕا نەبووەو بەڵکو هەمووی لەسەر داواو خواستی میرانی بابان بووە بۆ ئەوەی لەناو قەڵەمڕەوەکەیاندا برەو بە خوێندن و ڕۆشنبیری بدەن[1].

گرنگیدانی میرانی بابان تەنها لە سنوری قەڵاچواندا نەوەستاوە بەڵکە زۆر ناوچەی ناو قەڵەمڕەوی ئەو میرایەتیەی گرتووەتەوەو لە زۆر شارو شارۆچکە خوێندنگەیان کردوەتەوەو زانای گەورەیان بۆ هێناوە.

یەکێك لەو ناوچە گرنگانەی میرانی بابان زانای گەورەیان بۆهێناوە شارۆچکەی قەرەداغ بووە، مەلا عەبدوللەتیفی گەورەی مەردۆخی لەسەر داواو خواستی میرانی بابان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوەو هاتووەتە قەرەداغ و خوێنگەیان بۆ کردوەتەوەو لەدوای خۆیشی بنامەڵەی مەردۆخی ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە بڵاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری و پێگەیاندنی

---

1- الشيخ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، الطبعة الأولى ١٩٦١، مظبعة التمدن، بغداد، ص١٢-١٣.

زانای گەورەو گرنگیدان بە شعرو ئەدەب و زانست لە ناوچەی قەرەداغ و سلێمانیدا، هەر لەناوچەی قەرەداغداو لە دێی تەکێی قەرەداغ کە هەر لەسالّی ١٨٣کۆچییەوە خوێندنگەی تێدابووەو دەیان زانای گەورەی تێدا هەلّکەوتووە، میرانی بابان دەستی یارمەتی بۆ ئەو خوێندنگە درێژ دەکەن و باخی بۆ وەقف دەکەن کە تا ئێستا بە باخی برایم پاشای بابان ناسراوە[١].

هەر لەناوچەی سلێمانیدا سلێمان پاشای میری بابان کاتێك مەلا محەمەدی ئیبنو الحاج(١١١١هـ ١١٩٦هـ ١٧٠٠م– ١٧٨١) دەچێتە لای دوای ئەوەی لە دێی سنجوێی ناوچەی ئالان کە دێی خۆیان بووە دەڕوات، سلێمان پاشا لە گوندی هەزارمێردی ڕۆژئاوای سلێمانی خوێندنگەو مزگەوتی بۆ دابین دەکات، ئیبنوالحاج لە خوێندنگەی هەزارمێردا چەندین زانای گەورەی وەك مەلا عەبدولّای بەیتوشی و شێخ مەعروفی نۆدێی و مەلا محەمەدی پیرحەسەنی دێلێژەیی و چەندین زانای گەورەی تری پێگەیاندووە[٢].

میرانی بابان گرنگی زۆریان بە خوێندنگەکانی خورمالّ و هەلّەبجەو ناوچەی هەورامان و شارەزور داوەو چەندین زانای بەهرەمەندیان بۆ ئەو خوێندنگانە دابینکردووەو بۆ بژێویو خەرجی خوێندن و چەندین دێهاتیان بۆ وەقف کردوون، وەسێتنامەکەی سلێمان پاشای بابان بەلّگەیەکی ڕوونی ئەم ڕاستیانەیە[٣].

---

1- دیمانەی نوسەر لەگەلّ مامۆستا مەلا عومەر ئەحمەد نیزامی لەڕۆژی ٢٠١٤/٣/٣ لە مالّی خۆیان گەڕەکی خەبات لە سلێمانی.

2 - الملا عبدالكريم المدرس، علماؤنا في خدمة العلم والدين، ص ٤٩٨-٤٩٩.

3- بڕوانە: الشيخ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، ص١٧-١٨.

میری بابان هەر لە خەمخۆری بۆ برەودان بە پرۆسەی خوێندن لە کوردستاندا لە کاتی سەردانیکردنی بۆ شاری بەغدا کە لەو کاتەدا زانای کورد مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەو شارەدا خەریکر ئیرشادو تەدریس بووەو خاوەن پلەوپایەکی بەرز بووە، داوای لێدەکات بگەڕێتەوە کوردستان و ئەویش خواستی میر جێبەجێ دەکات و دەگەڕێتەوە کوردستان و میری بابان خانەقای مەلاونا خالیدی لە سلێمانیدا بۆ دروست دەکات و چەند دێهاتێکی بۆ پێویستی پرۆسەی خوێندن وەقف دەکات، هێنانەوەی مەولانا خالید و دروستکردنی خانەقاکەی بەڵگەی گرنگیدانی میرانی بابانە بە پرۆسەی خوێندن و خوێندەواری لەناوچەکەدا[١].

## چوارەم: ئاڵوگۆڕی بازرگانی

هەولێرنامەی ئەشف

هەرچەندە کوردستان بەشێوەیەکی گشتی ناوچەیەکی شاخاویەو دووربووە لە کەناری دەریاوە، هەر ئەمەش وای کردووە ڕێگای بازرگانی سەخت و دژوار بێت، بەڵام هەڵکەوتەی دەشتی شارەزوورو جێگەی نوێی سلێمانی تا ئاستێکی باش گونجاو بووە بۆ بازرگانی و دەکەوێتە ناوچە دەشتاییەکانی شارەزووو سەرە ڕێگای بازرگانی کەرکوك و دەربەندی بازیان و چەند ڕێگایەکی تری بازرگانی کە بەغداو کەرکوکەوە بەرەو وڵاتی ئێران درێژ دەبوونەوە جگە لەوەی ناوچەکە لە ڕووی بەروبوومی کشتوکاڵیەوە دەوڵەمەند بوو.

ڕۆژهەڵاتناسێکی وەك (مستەر ریچ) کە لە ساڵی ١٨٢٠زدا، سەردانی سلێمانی کردووەو زۆر زانیاری وردی لەبارەی ئەو شارەوە تۆمار کردووە

---

1- بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٩ بەغدا، بەرگی یەکەم ل ٣٩-٤٠.

لەباسی بازرگانی سلێمانی دەڵێ: بازرگانیی سلێمانی بازرگانییەکی بەربڵاو نەبوو[١]، چونکە بەشێوەیەکی گشتی تایبەت بوو بە سلێمانی و چەند جێگایەکی وەك:

تەورێز: هەر بەمانگی جارێك کاروانێك بەرەو تەورێز دەچێ، بەڵام ئەمە بەرێکوپێکی نییە، لەو سەریشەوە ئاوریشمی خاو و شتی تر دێننەوە، ئاوریشمە خاوەکە بۆ بەغدا دەنێردرێ و لە سلێمانیش بەکار دەهێنرێ، ئەو شتانەش کە لە سلێمانیەوە بۆ تەورێز ڕەوانە دەکرێ، بریتین لە خورما، قاوەو ئەو شتانەی تر کە لە بەغداوە دێن.

ئەرزەڕۆم: بەلای کەمەوە ساڵانە کاروانێك لە سلێمانیەوە بۆ ئەرزەڕۆم دەچێ، کە خورماو قاوەو شتی تر دەبات، لەوێشەوە ئاسن و مس و هێستر دێننەوە، کە ژمارەیەکی زۆر لەو وڵاخانە دەکڕن، چاکترین وڵاخی ئەو ناوچانە هەر ئەوانەن لە ئەرزەڕۆم دەیانکڕن.

هەمەدان و سنە: لەم دوو شارەوە مانگی کاروانێك دێت و لەگەڵ خۆیانا ڕۆن و میوەی وشك هەنگوێن دێنن، هەروەها لە دەوروبەری دەریای قەزوین پۆلا دەهێنن.

کەرکوك: بازرگانی لەگەڵ کەرکوکدا هەمیشە بەردەمەو لەوێوە پێڵاو هەندێ کوتاڵی لۆکەی ئەستوور دەهێنن، لە سلێمانیشەوە نیسك، نۆك، پاقلە، هەنگوین و ترش، میوە، میوە، برنج، ڕۆن، مەڕوماڵات بۆ ئەوێ دەنێرن.

---

1- ڕەنگە مەبەستی ڕیچ ئەوە بێت کە سلێمانی لەسەر کەناری دەریا نەبووەو وەك شارە گەورەکانی ئەو سەردەمە بەشێوەیەکی فراوان چالاکی بازرگانی تێدا نەبووە.

موسڵ: لەگەڵ موسڵدا بازرگانی بەردەوامە، لەوێوە پێڵاو، کۆتاڵ و قوماشی ڕەنگاوڕەنی بەرهەم هێنراوی شام و دیاربەکر و شوێنی تریش دەهێنن، لە سلێمانیشەوە مازو شتی تریشی بۆ دەچێ.

بەغدا: بازرگانی لەگەڵ بەغدا هەمیشە بەردەوامە، لە بەغداوە خورماو قاوە، کوتاڵی بەرهەم هێنراوی هیندستان و ئەوروپا دێت، لە سلێمانیشەوە پاقلە، نیسك، نۆك، ماش، توتن، پەنیر، کەتیرەو سابوونی ئاسایی، سابوونی پیو بۆ بەغدا دەچێ[1].

بەپێی زانیارییەکانی (ڕیچ) چالاکی بازرگانی سلێمانی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەریدا بەردەوام بووە، لە شاری سلێمانیدا چالاکی بازرگانی هەبووەو لە هەمان کاتدا کەوتووەتە سەر ڕێگای بازرگانی نێوان عێراق و ئێران، هەر ئەوەیش یارمەتی زیاتری ئاڵوگۆڕی بازرگانی داوە.

شوێنی جوگرافی میرایەتی بابان لەلای ڕۆژهەڵاتیەوە هاوسنوور بووە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و لەلای خواروویەوە هاوسنور بوە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی. پەیوەندی بازرگانی سلێمانی–کرماشان و سلێمانی–بەغداو، پەیوەندی میرەکانی بابان لەگەڵ فەرمانڕەوایانی ئێرانی لە کرماشان و تەورێز و دەرباری شا لە تاران و لەلایەکی ترەوە لەگەڵ وەزیری بەغدا و بابی عالی لە ئەستەمبوڵ، ڕێگەی فەرهەنگی لەهەردوولاوە بەڕووی ناوچەکەدا کردۆتەوە[2].

---

1- بڕوانە: کلاودیس جەیمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی، چاپی یەکەم ٢٠١٢، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، بەرگی یەکەم، ل ٣١٠-٣١١. هەروەها ئەکرەمی مەحمودی صالحی ڕەشە، شاری سلێمانی، بەرگی یەکەم، ل ٤٧٦ بەدواوە.

2- بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، چاپی یەکەم ٢٠١٢، الدار العربیە للعلوم ناشرون، بیروت- لبنان، کتێبی یەکەم، ل٤٤٤.

## پێنجەم: ئایین و ململانێی تەریقەتەکان

لە میرایەتی باباندا هەر لەسەردەمی قەڵاچوالانەوە دەسەڵاتی ئایینی بەدەست شێخانی بەرزنجەوە بووە، کە ئەویش لە کەسایەتی شێخ مارفی نۆدێیدا کۆبووبووەوەو لە ڕووی ڕێبازی صۆفیگەریەوە سەر بە تەریقەتی قادری بوون، کە لەو سەردەمەدا تاکە تەریقەتی سۆفیگەری کوردستان و ناوچەی قەڵەمڕەوی بابانەکان بووە، لە دوای دروستکردنی شاری سلێمانیش ئیبراهیم پاشای بابان مزگەوتی گەورە دروست دەکات و کتێبخانە گەورەکەی قەڵاچوالانی بۆ دەگوێزێتەوە، شێخ مارفی نۆدێی کە قازی و خاوەن دەسەڵاتی ئایینی میراتیەکە بووە دەگوێزرێتەوە مزگەوتی گەورەو وەك تاکە پێشەوای ئایینی و ڕابەری صۆفیگەری بەردەوام دەبێت لە ڕابەرایەتی ئاینداری[1].

هەتا لەساڵی ١٨١١زدا، مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە (دەلهی) دەگەڕێتەوەو بەڕێبازی نەقشبەندی و بەرگ و ناوەڕۆکێکی نوێوە کە داوای نوێکردنەوەی هەندێ چەمکی ئاینداری و کۆمەڵایەتی دەکات و خۆی بە (مجددی) ناو دەبات لەسلێمانی نیشتەجێ دەبێت.

مەولانا خالیدی نەقشبەندی کە نوێکەرەوەو بڵاوکەرەوەی تەریقەتی نەقشبەندییە لە کوردستاندا لە کاتی وەرگرتنی ئیجازەی تەریقەت لە شێخ عەبدوڵای دەهلەوی هەردوو ئیجازەی دین و دنیای لێوەردەگرێت، بەواتایەکی تر تەریقەتی نەقشبەندی و ڕابەرەکەی لە کوردستان گرنگی بەهەردوو لایەنی دینی و دنیایی دەدەن، وەك هەندێ تەریقەتی تری صۆفیگەری خۆیان

1- بڕوانە: محمد القزلجي، التعريف بمساجد السليمانية ومدارسها الدينية، ص ٤٢-٤٣.

گۆشەگیر ناکەن و واز لە دنیاو ئاوەدانکردنەوەی ژیان بهێنن، مەولانا خالید داوا لە شوێنکەوتوانی دەکات هەموو کات لەناو کۆمەڵدابن و لەگەڵ خەمەکانیاندا بژین و هاوکاریان بکەن و کاروباری ڕۆژانەیاندا[١].

مەولانا خالیدی نەقشبەندی خۆیشی تەنها ڕابەرێکی دینی گۆشەگیر نەبووە، بەڵکو ڕێبەرێکی ئاینی گەورە بووەو لەهەمان کاتدا کەسایەتیەکی و دنیایی بووەو داوای ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەلایەتی کردووە، بەگژ کاری خراپ و نادادگەریدا چوەتەوە، هەر بۆیە لەو پێناوەشدا تووشی کێشەو بەجێهێشتنی نیشتمان بووەتەوە[٢]، مەولانا خالید جگە لەوەی ڕابەرێکی ئاینی و شێخێکی تەریقەت بووە، لە هەمان کاتدا شاعیرو ئەدیب ڕیفۆرمخوازێکی سیاسی و کۆمەلایەتیش بووە، مەولانا خالید دیوانی شیعری هەیەو یەکەم کەسە کە پەخشانی بە زمانی کوردی نووسیوە[٣]، نووسینی پەخشان بە زمانی کوردی لەلایەن ڕابەرێکی ئاینی وەك مەولانا خالیدەوە بەڵگەی ڕوون ئاشکرایە کە ئەو ڕابەرە گرنگی بە دنیاداری داوەوەو لە هەوڵی ئەوەدا بووە زمانی کوردیش وەك زمانی عەرەبی و فارسی کە ئەوکات لە

---

1- بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٩ بەغدا، بەرگی یەکەم ل . هەروەها بڕوانە: د.عەبدولا غەفور، ئەتنۆگرافیای باشوری کوردستان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ل٥٤.

2- بڕوانە: ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان، ل٦٠-٦٢. هەروەها: جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ سلێمانی، ل ١٥٢-١٥٣.

3- بڕوانە: مەولانا خالیدی نەقشبەندی، عەقیدەی کوردی، محەمەدی مەلا کەریم ساغی کردووەتەوەو پێشەکی بۆ نووسیوەو پەراوێزی بۆ کردووە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی هەشتەم، ١٩٨١، ل١٩٩ بە دواوە.

کوردستان باوبوون جێگەی خۆی بکاتەوەو میللەتی کوردیش بە زمانی خۆی بخوێنێ و بنووسێ و لەو بارەیەوە هیچ ڕێگرێك نییە.

دوای ئەوەی مەولانا خالید بەهۆی هەندێ کێشەوە ڕوو دەکاتە بەغداو لە تەکیەی خالیدیە نیشتەجێ دەبێت، دەست دەکات بە ئیرشاد و دەرس وتنەوە، بەڵام کاتێك مەحمود پاشای میری بابان سەردانی بەغدا دەکات و دەزانێت مەولانا چەندە زاناو بەتوانایە جارێکی تر داوای لێ دەکات بگەڕێتەوە سلێمانی لە ساڵی ١٢٣٣ك بەرامبەر ١٨١٧ز، مەولانا لەسەر داوای میری بابان دەگەڕێتەوە سلێمانی، میری بابان مزگەوت و خوێندگەی خانەقای مەولانا خالیدی بۆ دروست کە لە ئاستی زانکۆیەکی پێشکەوتووی ئەم سەردەمەدا بووە، هەروەها میری بابان زۆر موڵك و ماڵ و دێهاتی لەسەر وەقف[1] کردووە بۆ دابینکردنی پێویستی مامۆستایان و قوتابیان و پرۆسەی خوێندن، ئەم فێرگەیە بە جۆرێك فراوان بووە، لەو ڕۆژگارەدا بە یەکێك لە مەڵبەندە گرنگەکانی ڕۆشنبیری و خوداناسی جیهانی ئیسلامی ئەو سەردەمە دانراوە، لە هەموو لایەکەوە خەڵك ڕووی تێکردووە، تەنانەت لە مەککەو مەدینەو قودس و شام و حەلەب و شەمدینان و ماردین و عینتاب و ئورفەو دیاربەکرو وڵاتی ڕۆم و هیندو ئەفغان و داغستان و (ماوراو النهر) و میسرو

---

1- وەقف: سیستمێکی خێرخوازیە، بریتیە لە تەرخانکردنی ماڵ و دارایەکی دیاریکراو بۆ هاوکاری دەزگایەکی وەك مزگەوت یان خوێندن و قوتابخانە و کتێبخانە یان نەخۆشخانە یان بۆ هەژاران و بێنەوایان، ئەم سیستمە ڕۆڵی گەورەو بەرچاوی بینیوە لەبەرەو پێشبردنی خوێندن و خوێندەواری لە جیهانی ئیسلامیداو کوردستانیش لەو کاریگەریە بێبەش نەبووە. بڕوانە: الدکتور نزیه حماد، معجم مصطلحات المالیة والاقتصادیة في لغة الفقهاء، الطبعة الأولى ١٤٢٩هـ ٢٠٠٨م، دار القلم، دمشق، ٤٧٥-٤٧٦.

عومان و شارەکانی عێراق بەکوردو عەرەبیەوە، لە وڵاتی ڕۆژئاواشەوە خەڵك دەستە دەستەو پۆل پۆل بە مەلاو ڕۆشنبیریەوە بە خوێندەوارو غەیری ئەوانەوە ڕوویان لەو مەڵبەندە کردووە، لەوپەڕی مەراکیشەوە شێخ موحەممەدی مەغریبی هاتووە بۆلای مەولانا خالید و تەریقەتی لێوەرگرتووە[1].

ناوەندێکی گرنگی زانستی وەك خانەقای مەولانا خالید کە هەموو خەڵکە جیاوازە ڕووی تێکردووەو زانستەکانی ئەو سەردەمەیان تێدا خوێندووە لەناوجەرگەی سلێمانیدا بێگومان کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر پرۆسەی خوێندن و ڕۆشنبیری لەو شارەدا، هەروەها بەکوردی نووسینی مەولانا خالید دەوری گەورەو کاریگەری دەبێت لەسەر شوێن کەواتوانی کە لەدوای خۆی بە کوردی بنووسن و ئەو بەستەڵەکە بشکێنن کە بەکوردی نووسین شتێکی باونەبووە، بۆیە ئەو هەنگاوەی مەولانا خالید کاریگەری گەورەی دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی سەدان شاعیرو نووسەری سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی دەرکەون، ئەگەر بە خێرایی سەریری مێژووی شاعیران و نووسەرانی کلاسیکی کوردی بکەین دەبینین زۆربەیان سەربەتەریقەتی نەقشبەندی و

هەواڵنامەی ...

---

1- بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٩ بەغدا، بەرگی یەکەم ل ٣٩-٤٠. الشيخ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي، الطبعة الأولى، مطبعة التمدن، بغداد، ص٣٨ وما بعدها. والدكتور محمد احمد درينقة، الطريقة النقشبندية وأعلامها، بدون عدد الطبع ولا تاريخ النشر، ص٧٩ وما بعدها. ودكتور نزار اباظة، الشيخ خالد النقشبندي العالم المجدد حياته وأهم مؤلفاته، الطبعة الألى ١٤١٤هـ١٩٩٩٤م، دار الفكر-دمشق، ص ٩ وما بعدها. هەروەها جەمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، چاپی یەکەم ١٤١٣ك-١٩٩٣ز، دار الحريه للگباعه بغداد، بەرگی یەکەم، ل ١٤٨.

لەژێر کاریگەری ڕابەرێکی ڕۆحی وەك مەولانا خالیدان، هەریەك لە نالی و مەولەوی و سالم و مەحوی و هەتا دەگاتە سەر مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و چەندانی تر لە شاعیرە گەورەکانی کورد سەر بەتەریقەتی نەقشبەندین، هەر ئەو شاعیرە کلاسیکیانە بەردی بناغەی ئەدەبی کوردییان داناوەو لاپەڕەیەکی پرشنگداری مێژووی بزاڤی ڕوناکبیری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی شاری سلێمانین.

## شەشەم: بوونی چەند مەڵبەندێکی زانستی لە ناوچەکەدا

لەناوچەی سلێمانی و دەوروبەری دا چەند مەڵبەندێکی زانستی گرنگ هەبوون کە کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر بەرەوپێشبردنی لایەنی خوێندن و ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا، پشتگیری و هاوکاری میرەکانی بابان تەنها لە قەڵاچوالان و سلێمانیدا نەبووەو لە زۆر ناوچەو جێگەی تر خوێندنگەو مامۆستاو فەقێ لەسەر ئەرکی ئەوان خوێدوویانەو کتێبخانەیان بۆ دابینکردوون، وەك خوێندنگەی (گەناو) لەناوچەی پشدەرو خوێندنگەی (گوڵعەنبەر) لە خورماڵ و قزڵجەو پێنجوێن و بەرزنجەو قەرەداغ وسورداش و کۆیەو حەریرو زۆر جێگەی تر[1]، ناوچەیەکی گرنگی وەك قەرەداغ هەر لە کۆنەوە مەڵبەندی زانستی و خوێندن و بووەو چەندین زانای گەورە لەو خوێندنگایانە پێگەیشتوون و بوون بەبەشێك لە مێژووی ڕۆشنبیری

1- بڕوانە: د. عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، الطبعة الاولى ٢٠٠٨م، مطبعة خاني- دهوك، ص ٣٩-٤٤-٤٥-٤٦-٤٧.

سلێمانی[1]، هەروەها زۆر زانای گەورەی ئەو ناوچەیە هاتوونەتە سلێمانی و لەو شارەدا خزمەتی گەورەیان بە مێژووی پرۆسەی خوێندن لەو شارەدا کردووەو لە لیستی ڕۆشنبیرانی سلێمانیدا پشکی شێریان بەردەکەوێت.

هەروەها ناوچەی هەڵەبجەو هەورامان هەر لە کۆنەوە جێگەی خوێندن و خوێندەواران بووەو سەدان خوێندەواری گەورەو شاعیرو ڕۆشنبیری بەهرەمەندی ئەو ناچەیە دەوری گەورەو کاریگەریان هەبووە لەسەر بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا، زۆرێك لە شاعیرانی ناوچەی سلێمانی لە کۆن و نوێدا خەڵکی ناوچەی هەڵەبجەو هەورامان و دەرچووی ناوەندە زانستیەکانی ئەو ناوچانەن، وەکو مەولەوی و نالی و صەیدی و ئەحمەد موختار جاف و دەیانی تر.

ناوچەی پێنجوێن و مەڵبەندە زانستیەکانی قزڵجەو دەوروبەری ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لە گەشەپێدانی لایەنی زانستی و خوێندەواری ناوچەی سلێمانیدا، هەموو مەڵبەندە زانستیەکانی قەرەداغ و هەڵەبجەو هەورامان و پێنجوێن و هەموو ناوچەکانی تری دەوروبەری سلێمانی ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە دەوڵەمەندکردن و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی خوێندن و ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا[2].

---

1- بڕوانە: الملا عبدالكريم محمد المدرس، علماؤنا في خدمة العلم والدين، عني بنشره محمد علي القرداغي، الطبعة الاولى ١٤٠٣ه،١٩٨٣م، دار الحرية للطباعة- بغداد، ص١١٥.

2- بڕوانە: مەحمود ئەحمەد محەمەد، بایەخ پێدانی بابانەکان بە ئاستی زانست و ڕۆشنبیری لە قەڵەمڕەوەکەیاندا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٠٢تەموزی ١٩٨٤.

## حەوتەم: کاریگەری شارستانیەت و ئەدەبی فارسی

شارستانیەت و ئەدەبی فارسی کە مێژووەکەی بۆ سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە کاریگەری گەورەی لەسەر کورد هەبووە جگە لەوەی کە کورد خۆی یەکێکە لەو گەلانەی بەشداری کردووە لە دروستکردنی شارسانیەتی ئێرانیدا وەك یەکێك لەگەلانی ئاری و نیشتەجێی ناوچەکە.

لەسەردەمی بابانەکاندا فێربوونی زمانی فارسی ئەرکێکی پێویست بووە بۆ هەموو خوێندەوارو کاربەدەستانی ئەو سەردەمە، چونکە زمانی فارسی هەروەك زمانی ڕەسمی دەوڵەتی ئێران بووە، زمانی ڕەسمی میرایەتی بابان و ئەردەڵان و زمانی نامەو نامەکاری بووە، ئەدەبی فارسی لەوانە شانامەی فیردەوسی، خەمسەی نیزامی، گوڵستان و بوستانی سەعدی، دیوانی حافزی شیرازی، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی فەرهەنگی بابان بووە.

شاعیرانی قوتابخانەی شیعری بابان جگە لەوەی فێری فاسی بوون بۆ خوێندنەوەی سەرچاوە ئەدەبیەکانی زمانی فارسی، خۆشیان بە فارسی شیعریان داناوەو هەوڵیان داوە بەشێك لە دیوانەکانیان بە فارسی بێ.

هەر یەکە لە مەولانا خالیدی نەقشبەندی و سالم و نالی و کوردی و مەحوی و وەفایی و شێخ ڕەزا شیعریان بەفارسی وتووەو بەشێك لە دیوانەکانیان فارسیەو لە مزگەوتەکاندا هەندێ کتێبی فارسی خوێنراوە و کاك ئەحمەدی شێخ (مەکتوبات)ی بە فارسی نووسیوە، هەرچەندە زمانی تورکی زمانی ڕەسمی دەوڵەتی عوسمانی بووە بەڵام لە سلێمانیدا زمانی

ڕەسمی هەر فارسی بووەو شاعیرانی بابان لە ژێر کاریگەری شیعری عەرەبی دەرچوون و کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەدەب و شیعری فارسی[1].

ئەدەبی فارسی ڕووبەرێکی فراوانی لە ئەدەبی سلێمانیدا داگیرکردووە، کاتێك والی (سليمان نقيف بك) سەردانی سلێمانی دەکات دەڵێت هەستم کرد لە پایتختی ئێراندام، بەهۆی باڵادەستی خەڵکەکەی لە ئەدەبی فارسیدا، کە ئەمەیش پێشینەیەکەی مێژووی چەند سەدەی هەبووەو ڕەگی داکوتاوە، زۆر بەباشی دەخوێندراو خەڵکەکە زۆر حەزیان لە فێربوونی فارسی بووە، وە لە حوجرەو خوێندگاکاندا دەخوێندرا، کاربەدەستانی میری بۆ ئەوەی بتوانن کارەکانیان بەباشی ڕاپەڕێنن دەبوو فێری فارسی بن، زۆرێك لە خوێندەوارو شاعیرانی ناوچەی سلێمانی شیعری فارسیان هەیە[2].

ئەو زانستانەی لە خوێندگاو مزگەوتەکانی قەڵەمڕەوی باباندا خوێندراون هەموو زانستەکانی یۆنانی کۆن و سەردەمی ئیسلام و فەلسەفەی هیندو ڕۆشنبیری گەلانی دەوروبەری بە هەموو جۆرەکانیەوە ڕاگوێزاوەتە شارو شارۆچکەو دێ و کوێرەدی لە هەرلا بتڕوانیایە مەلای کورد لە بە ژیانێکی سادەوە خەریکی لێکدانەوەی فەلسەفەی یۆنان و بیروڕای ئەفلاتۆن و مەنتیقی ئەرستۆتالیس و هەندەسەی ئیقیلیدس و ئاسمان شوناسی بتلیمۆس و شەریعەتی ئیسلام و بیروڕاکانی موعتەزیلەو ئەشعەری و نیزاع و کێشەی نێوانیان و ئەدەبی موتەنەبی و شێخی سەعدی و جەلالەدینی ڕۆمی و

---

1- بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، ل ٤٤٥-٤٤٦.

2- بڕوانە: عباس العزاوي، شهرزور السليمانية، ص ٢٣٤-٢٣٥.

چەندەهای تری وەکو ئەوانیش بەوپەڕی مامۆستایی و لێهاتوویییەوە بە فەقێ دەوتەوە.

ئەوەی لە زانکۆکانی ئەو سەردەمەی قاهیرەو مەغریب و تاران و هەموو وڵاتە ئەوروپایەکاندا دەخوێندراو دەگوترایەوە لە کوێرە دێیەکی کوردستانیش هەمان زانست خوێندراوەوەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی تێداکراوەو کتێبی تێدا دانراوە، لەسەر ئەم بناغە تۆکمەو هەستە بەرزە لەو سەردەمە پرشانازییەی بابانەکاندا، نووسین و شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بەهەموو جۆرەکانیەوە لەناوچەی سلێمانیدا سەریهەڵداوەو پەرەی سەندووە، جێگەی خۆیەتی کە گەلی کورد هەتا هەتایە ستایشی ئەو ڕۆژگارە بکات[1].

جگە لە زمان ئەدەب لە ڕووی بیناسازی و ئەندازیاری و نەخشەی شارو جوانکاری دیوارو دەرگاو پەنجەرەوە شاری سلێمانی ڕەنگدانەوەی شارستانیەتی ئێرانی بووە، چونکە لەکاتی بنیاتنانی شاردا وەستای کارامەو دەست ڕەنگین لە ئێرانەوە هێنراوە بۆ دروستکردنی شاری نوێ، (مستەر ڕیچ) لەسەردانەکەیدا بۆ سلێمانی سەردانی حەمام دەکات و باس لەوە دەکات کە زۆر جوان پێشکەوتوو بووە لە ڕووی نەخش و نیگارەوە کە لەهەموو حەمامەکانی وڵاتی عوسمانی چاکتر بووە، چونکە میر لە ئێرانەوە دوو وەستای کارامەی هێناوەو دروستیان کردووە[2]، ئەمەیش بەڵگەیە ئەو پێشکەوتن و جوانکاریەی خانوو و تەلارو شوێنە گشتیەکانی شار ڕەنگدانەوەی شارستانیەتی ئێرانی بووە.

---

1- بڕوانە: مەحمود ئەحمەد محەمەد، بایەخ پێدانی بابانەکان بە ئاستی زانست و ڕۆشنبیری لە قەڵەمڕەوەکەیاندا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٠٢تەموزی ١٩٨٤.

2 - بڕوانە: کلاودیس جەیمس ریچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان، بەرگی یەکەم، ل ١١٥.

## هەشتەم: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دانیشتوان

دانیشتوانی سلێمانی خەڵکێکی کراوەو خۆش مەشرب و شیعردۆست و نوکتەزان و ئەدەب پەروەرن، هەروەها کۆمەڵگەی سلێمانی توانای گۆڕان و خۆنوێکردنەوەی تێدایەو لەسەر شێوازی بیرو ژیان بۆماوەیەکی زۆر بەردەوام نابێت و دەتوانێت لەگەڵ کەلتوری ئەوانی تردا هەڵبکات و لە گۆڕان و بڕیاردان ناترسێت و گیانی تەحەداکردنی تێدایە، هەرئەمەیش وای کردووە کۆڕو کۆبونەوەو دیوەخان و چایخانەو شوێنە گشتیەکان هەموو کات لە کۆڕی ئەدەبی و شیعر بچێت لەو شارەدا، گەرمی کۆڕی مزگەوت و حوجرەو دیوەخانەکانی ناوچەی سلێمانی بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەم ڕاستیەن، لەشاری سلێمانیدا لەپێش پەیدابوونی ڕادیۆو تەلەفزیۆن هەموو کات چایخانەکانی شار جمەی هاتووە لە گوێگرانی ڕۆستەم و زۆراب و لەیل ومەجنون و هاوشێوەکانیان، ئەمانە بەڵگەی ئەدەب دۆستی پێکهاتەی کۆمەڵگەی سلێمانیە.

ڕۆژهەڵاتناس (ریچ) لە گەشتەکەیدا بۆ سلێمانی باس لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی خەڵکی سلێمانی دەکات کە پەیوەندی کۆمەڵایەتیان بەهێزەو شەوان تادرەنگ بە یەکەوە بەسەر دەبەن و کاتەکانیان بە قسەی خۆش و مۆزیك ژەنین بەسەر دەبەن وەك دەڵێ: وەك من بزانم کورد تاقە نەتەوەیەکە لە ڕۆژهەڵاتدا، تادرەنگانێکی شەو دەمێننەوەو ناخەون بەیانیش درەنگ لە خەو هەڵدەسن و ژمارەیەکی کەمی خانەدانەکانی سلێمانی، تا سەعات دوو یان سێی دوای نیوەشەو دەخەون، بەیانیانیش تا سەعات نۆو دە ناچنە دەرەوەو سەردان و میوانداریشیان هەر لەشەودا دەبێ، هەر تاریك دایەت،

لەماڵ دێنەدەرەوەو سەردانی یەکتری دەکەن و شەو بەقسەی خۆش و قەننە و سەبیل کێشان و مۆزیك ژەنین بەسەر دەبەن، جاری واش هەیە لەشەوێکدا فریای چەند سەردانێك دەکەون، ئێوارانیش سەعاتێك پێش خۆرئاوابوون، کۆڕێکی گەورەی لەشێوەی یانەدا لەبەردەمی ماڵەکەی (مەحمود مەسرەف)دا دادەبەستن، کە شوێنێکی پان و خۆشە پێی دەڵێن (مەیدان)، لەوێ دەستە هاورێکان کۆدەبنەوەو دەکەونە باسی هەمەجۆر، یان نیشاندانی ئەسپ و چەك و هەندێ جاریش هەر لێرە زۆرانبازی و شەڕە کەو و شەڕە سەگ دەکرێ، پێم وایە کورد خەڵکێکی زۆر ڕوخۆش و تاڕادەیەکی زۆریش کۆمەڵایەتین[1].

ئەم وێنانەی کە ڕیچ بۆمان دەگێڕێتەوە نمونەیەکی زۆر چالاك و زیندووی خەڵکی سلێمانی پشاندا دەدات کە تا چەند چالاك بوون پەیوەندییان بەهێز بووەو کۆڕوکۆبوونەوەی شەوانە و ڕۆژانەیان هەبووەو کاتەکانیان بە قسەی خۆش و مۆزیك ژەنین و وەرزش و شەڕەکەو شەڕەسەگەوە بەسەر بردووەو هەموو ئەوانەیش بە پێوەری ئەو کات وسەردەمە دەچنە بواری چالاکی ڕۆشنبیریەوە.

هەر دەربارەی خۆشەویستی خەڵکی سلێمانی بۆ شیعرو ئەدەب و ئارەزومەندیان شاعیری بیرڕوناکی کورد، حەزرەتی نالی(١٨٠٠-١٨٥٦ز)، کە لە سەرەتای دروستبوونی ئەو شارەدا فەقێ بووە لە مزگەوتەکانی ئەو سلێمانیدا لە نزیکەوە خەڵکەکەی ناسیوە، دەربارەی خەڵکی سلێمانی دەڵێ:

1- کلاودیس جەیمس ڕیچ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان، بەرگی یەکەم، ل١٢٣.

**شارێکە عەدل و گەرمە، لە جێگەیەکە خۆش و نەرم**

**بۆ دەفعی چـــــاوەزارە دەڵێن شاری شـــارەزوور**

**ئـــەهلێکی وای هەیە کە هـــــەموو ئەهلی دانشن**

**هــــەم نازیمی عوقدن و هەم نازیری ئومـــــــور.**

واتە: سلێمانی شارێکی بە داد و تەختە، گەرمەو لە شوێنێکی خۆش و نەرماندا دروست کراوە، کە پێشی ئەڵێن شاری شارەزوور، لەبەر ئەوە نیە کە شاری شارەزورە، (زور) لە زمانی عەرەبیدا واتە (درۆ) واتە شاری درۆیە، بەڵکو ئەوە بۆ چاوەزارەو بۆ ئەوەیە لە چاوی پیس پارێزراو بێت، باوە لەناو کوردەواریدا ناوی ناخۆش لە مناڵ دەنێن بۆ ئەوەی لە چاوی پیس پارێزراو بێت.

شاری سلێمانی تەنها شوێنەکەی خۆش نیە، بەڵکو دانیشتوانیشی مرۆڤی زیرەك و زانا و خاوەن بیرن، ئەدیب و شاعیری وایان تیایە شیعری جوانی وا ئەڵێن وەك ملوانکەی مرواری هۆنرابێتەوە وایە، لە ڕاپەڕاندنی کاروباری دنیایش لێهاتوون[١].

ئەم پیاهەڵدانە جوانەی نالی بۆ خەڵکی سلێمانی بەڵگەیەکی بەهێزە کە هەر لەسەرەتای دروستبوونی سلێمانیەوە خەڵکەکەی بیرڕوناك و شیعر و ئەدەب دۆست بوون و خۆش مەشرەب و مەجلیسیان خۆش بووەو دۆستی خەڵکی خوێنەوارو ڕۆشنبیر و زانا بوون.

---

1- نالی، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عبدالکریم، چاپی یەکەم ١٩٧٦ز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ل ١٨٣-١٨٤.

بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی سلێمانی لە ڕووی ڕۆشنبیری و ڕامیاری و بازرگانی و هەر بارێکی ترەوە بە زیادەوە هێزوپێزی پێوەدیارە، سەرکزەڵەی لەو شارەدا نابینرێ، کەسێك نانی شەوی هەبێت تەڕەدەماغ و شەن دەردەکەوێت[1].

ڕۆژهەڵاتناس (مەیجەرسۆن) کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم و ساڵانی (١٩٠٩–١٩١٠) هاتووەتە سلێمانی باس لە گرنگیدانی خەڵکی سلێمانی دەکات بەخوێندنەوەو زیرەکی لە خوێندنداو دەڵێ: فارسی یەکەم زمانە کە لەباشوری کوردستاندا فێری دەبن و تورکی یان عەرەبیش لە باکوردا، کاتێ کوردەکان بەشی زۆر کاتیان بەئاسایی تەرخان دەکەن بۆ فەلسەفە[2] و زانستی سۆفیزم و خوێندنەوەو نوسین بەعەرەبی و شیعر بەکوردی، من بەش بەحاڵی خۆم بەختیارم بەو جیاوازیە بەرچاوەی نێوان کوڕانی کورد بەرامبەر کوڕانی تورك، لە قوتابخانەی سەربازی لە سلێمانیدا، سەرجەم قوتابیە کوردەکان بەسەرکەوتووی قوتابیە هاوەڵە تەتەرەکانیان هاوەڵیانیان بەجێهێشتووە بۆ پلەیەکی بەرزتر[3].

هەروەها لەکاتی داگیرکاری ئینگلیز بۆ سلێمانی و دانای دانانی (مەیجەرسۆن) بە حاکمی سلێمانی یەکەمین داواکاری خەڵکی سلێمانی لەو

---

1- بڕوانە: مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، چاپی سێهەم، ٢٠٠٩ هەولێر- کوردستان، ل٢٦٩.

2- مەبەستی لە فەلسەفە ئەوەیە کەبەشێکی مەنهەجی حوجرە لەبابەتەکانی زانستی کەلام و لۆژیك و هەندێ بابەتی ترە کە بەشێکن لە زانستی فەلسەفە، مەلای کورد زۆرکات بایەخی زیاتری داوە بە بابەتە عەقلیەکان کە لەمەنهەجی خوێندا بووە.

3- بڕوانە: مەیجەرسۆن، سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، وەرگێڕانی: مینە، چاپی یەکەم ٢٠٠٧ز، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ل١٥٤.

دەسەڵاتە کردنەوەی قوتابخانە بووە، بە مەزبتە داوای کردنەوەی قوتابخانەیەکی سەرەتایی و یەکێکی ناوەندی دەکرا لە سلێمانیدا بکرێتەوەو ئەو مەزبەتە لەلایەن هەموو دانیشتوانی سلێمانیەوە ئیمزا کراوەو لەلایەن ئەحمەد خواجەوە پێشکەش بەدەسەڵاتی ئینگلیز کراوە، هەرچەندە بەدەم داوایەکەشیانەوە نەچوون[1].

ئەم داواکارییەی خەڵکی سلێمانی لە داگیرکاری ئینگلیز بەڵگەی هۆشیاری و سووربوونی خەڵکی ئەو شارەیە لەسەر خوێندن و خوێندەواری، لەکاتێکدا کورد شۆڕشی بۆ مافی نەتەوەیی کردووەو شۆڕشەکەشیان لەلایەن داگیرکەرەوە لەناوچەکە دەرکراوە، بەڵام لەم کاتەدا خەڵکی ئەو شارە هۆشیارە بێهیوا نین و داوای کردنەوەی قوتابخانە لەداگیرکەر دەکەن و پێش هەموو داواکاریەکانی تر خراوە.

هەروەها خەڵکی سلێمانی بەپێی ئەوەی ناوچەیەکی دەوڵەمەندو پڕ لە خێروبێرە ، هەر ئەمەیش وادەکات خەڵکەکەی حەزلە ڕۆشنبیری و خوێندن بکەن و لەو پێناوەیشدا زۆر دەستکراوەو خێرخوازن، بەدرێژایی مێژوو خوێندن و خوێندەواری لەسەر شانی خەڵك بووەو بەهەموو توانای خۆیان یارمەتیان داوەو درێغیان نەکردووە، بەتایبەتی لە دوای ڕووخانی میرایەتی بابان لە ساڵی ١٨٥١ز داو ئەو بۆشاییە کارگێڕی و سیاسیەی لەناوچەکەدا دروستبوو، بەڵام خەڵکی سلێمانی بەهاوکاری و پشتگیری خۆیان نەیاهێشت پرۆسەی خوێندن لە خوێندگەو مزگەتەکاندا بوەستێ درێژەیان بەو پرۆسەیەداو لەخواردنی ماڵ منالی خۆیان دەگرتەوەو دەیانبرد بۆ قوتابیانی

---

1- ئەحمەد خواجە، چیم دی، چاپی دووەم ٢٠١٣ز، دەزگای ئاراس- هەولێر، ل٥٧.

مزگەوتەکان، هەر ئەو پشتگیریەی ئەوان پاڵنەری بەهێزی قوتابیان بوو کە زیاتر هەوڵ بدەن و سووربن لەسەر پرۆسەی خوێندن[1].

ڕۆژنامەی (ژیان) لە ژمارە ٤٧٨ ڕۆژی ٩ مایسی ١٩٣٦ نووسیویەتی کە کەسایەتی و پیاوماقوڵان و خوێندەوارانی شار سێ جار بۆ مەبەستی کڕینی چاپخانەیەکی نوێ بڕی ٣٠ هەزار ڕوپیەیان لە دەوڵەمەندان کۆکردوەتەوە، بەڵام بەهۆی ڕێگری حکومەتەوە نەتوانراوە چاپخانەکە بکڕێت، ئەم هەنگاوەی خەڵکی سلێمانی لەو سەردەمەدا بەڵگەی هۆشیاری کراوەیی کۆمەڵگەی ئەو شارەیە کە بۆ مەبەستی کڕینی چاپخانە بڕێکی زۆر پارە کۆدەکەنەوە کە ڕەنگە لەو کاتەدا چاپخانە وەك شتێکی نامۆ سەیرکرابێت لەلایەن زۆرێك لە کۆمەڵگەکانی دەوروبەرەوە.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندی خوێندن لەناوچەی سلێمانیدا بەتایبەت خوێندنی حوجرەو مزگەوت تەنها تایبەت نەبووەو بە پیاوانەوە، بەڵکو کچان و ژنانیش خوێندوویانەو لە حوجرەدا کوڕو کچ بە تێکەڵاوی وانەکانی قورئان و مادەکانی تری حوجرەیان خوێندووە، هەر لە شاری سلێمانیدا چەند حوجرەیەك هەبوون مامۆستاکانیان ژن بووە، وەك حوجرەی مەلا فاتم و حوجرەی مەلا ڕەعناو حوجرەی مەلا ئامینەو حوجرەی مەلا ناجیە خان و حوجرەی مەلا عاصمە و زۆری تر کە کوڕو کچ بە تێکەڵی لەو حوجرانەدا دەرسیان خوێندووە[2].

---

1- بڕوانە: المحامي عباس العزاوي، تقديم محمد علي القرداغي، شهرزور السليمانية اللواء والمدينة، الطبعة الأولى ١٤٢٠هـ ٢٠٠٠م، مطبعة السلمي، بغداد، ص ١٣٩. هەروەها: الشيخ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، ص٤٠.

2 - بڕوانە، ئەکرەمی صاڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، بەرگی یەکەم، ل٢٠٢-٢٠٤.

شاری سلێمانی هەر لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونیەوە دەکەوێتە نێوان ململانێی دوو زلهێزی وەك عوسمانی و سەفەویەکانەوە، هەر ئەمەش وادەکات ئەم شارە فشارێکی زۆری لەسەر بووەو زۆریشی چەشتووەو بەدەست داگیرکەرانیەوە، وەك کاردانەوەیەکی سروشتی هەمیشە خولیای خۆڕۆشنبیرکردنی هەبووە تاوەکو لە پەراوێزدا نەمێنێتەوەو لەهەموو کەوتن و نشوستیە سیاسی و مەینەتیەکاندا هەستانەوەو بووژانەوە زمانحاڵ و خەسڵەتی بووە، هەڵبەتە ئەم چەکی خۆڕۆشنبیرکردنە چەکێکی بەهێز بووە لەڕووی هێزە دەرەکی و نەیارەکانیداو بەردەوام گیانی بەرەنگاری و کۆڵنەدانی تێدا تازەکردووەتەوەو بەدرێژایی مێژوو دەستەمۆ نەکراوەو کۆڵی نەداوە[1].

## دووەم: هاتنی ئیستعماری بەریتانی و هێنانی چاپخانە

یەکێك لە تایبەمەدنیەکانی ئیستعماری ڕۆژئاوایی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم گرنگیدانیان بوو بە چاپەمەنی و ڕۆژنامەو بڵاوکراوە، هاتنی ئیستعماری فەرەنسی بۆ میسر چاپخانەیان لەگەڵ خۆیان بردووەو ڕۆژنامەیان دەرکردووە، دوایی هاتنی ئیستعماری بەریتانی بۆ عێراق لە ساڵی ١٩١٤ کاتێك چوونە بەسرە دەستیان گرت بەسەر چوار چاپخانە کەلەو شارەدا بوون و چەند بڵاوکراوەیەکیان دەرکرد، لە ساڵی ١٩١٧ز دەستیان بەسەر بەغدادا گرتو لەوێش چەند بڵاوکراوەیەکیان

1- بڕوانە: تەها ئەحمەد ڕەسوڵ، شاری سلێمانی و خەسڵەتەکانی، چاپی یەکەم ٢٠١٢، چاپخانەی شاد- سلێمانی، ل ٤٦-٤٧.



هەولێرنامەی کتێب

به عەرەبی و فارسی و کوردی دەرکرد، دوای گرتنی سلێمانی لەلایەن ئینگلزەکانەوە (مێجەرسۆن) بووە حاکمداری سلێمانی، ئینگلیزەکان لەگەڵ خۆیاندا چاپخانەیەکیان هێنا بۆ سلێمانی و ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)نیان دەرکرد، یەکەم ژمارەی لە ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠ دەرچوو، چاپخانەی ئینگلیزەکان یەکەم چاپخانەیە لەسەر خاکی کوردستان و ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) یەکەم ڕۆژنامەیە لەسەر خاکی نیشتمان دەرچووبێ کە هەردووکیان لە شاری سلێمانیدا بوون[١].

هێنانی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لەسەر داوای مێجەرسۆنی حاکمی ئینگلیز بوو لە سلێمانی، مێجەرسۆن کوردی زانێکی باش و شارەزای کۆمەڵگەی کوردەواری بوو، سۆن خۆی سەرپەرشتی چاپخانەکەی دەکردو سێ لاوی خوێندەواری شاری قایل کرد کە کاری چاپخانەکە بگرنە ئەستۆ، ئەوانیش شێخ مەجیدی شێخ عارف و ئەدیب عەزیزو محەمەد زوهدی، ئەو سێ پێشرەوەی ڕۆژنامەنووسی و چاپخانەگەری کوردی تیپەکانیان ڕێك دەخست و پرۆڤەی نووسین و ڕاستکردنەوەی نووسینەکانیان دەکرد.

یەکەم کاری چاپخانەی سلێمانی ئامادەکردنی کاغەزو تۆماری تایبەتی بوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری میری، بەڵام گەورەترین کاری دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بوو لە کوردستان، پێشکەوتن بۆ کات و شوێنی خۆی ڕۆژنامەیەکی دەوڵەمەندو پێشکەوتووبوو، دەستەیەك ڕوناکبیری

---

١- بڕوانە: دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپی یەکەم ١٩٧٨ز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ل ٩٧ بەدواوە.

ناوداری وەك جەمال عیرفان و شێخ نوری شێخ صاڵح و جەمیل صائیب و زەكی صائیب بەرهەمی خۆیان تێدا بڵاودەكردەوەو بەو جۆرە ڕۆژنامەی (پێشكەوتن) شوێنی دیاری لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی ی كوردیدا بۆخۆی كردەوەو ئیمڕۆ ژمارەكانی یەكێكن لەسەرچاوە ڕەسەنەكانی زۆر لایەنی ژیانی گەلەكەمان[1].

هەروەها دەركردنی ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆڵی گەورەی بینی لە یگیركردنی زمانی كوردیدا وەك زمانی نووسینی ڕۆژنامەوانی و زمانی ڕەسمە فورمانگەكان و بژاركردنی ئەو زمانە لە وشەی بێگانە، وجگە لە هێنانی چاپخانەو دەركردنی ڕۆژنامە ئینگلیزەكان و مێجەرسۆن لە سلێمانیدا زۆر گرنگیان بە خوێندنی كوردی دەداو هانی خوێندن و خوێندەواریان دەدا.

ئەو كارەی داگیركەری ئینگلیز بۆ هەر مەبەستێك بووبێ، بۆ ڕاكێشانی سۆزی خەڵكەكە بەلای خۆیاندا و پشتكردنە عوسمانیەكانیان دۆستەكانیان بووبێت، یان بۆ هەر مەبەستێكی تر، ئەنجامەكەی بەوە شكایەوە ڕۆشنبیرانی سلێمانی ئەم چاپخانەیان كرد بە بناغەی دامەزراندنی قوتابخانەی ڕۆژنامەوانی سلێمانی، زیندوو هێشتنەوەی زمانی كوردی و بڵاوكردنەوەی هەستی نەتەوەیی كورد، سەرەڕای باری ناهەمواری سیاسی و شەڕو بۆردومان و چۆڵكردن، بەڵام ڕۆشنبیرانی سلێمانی بەردەوام بوون

---

1- بڕوانە: دكتۆر كەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد، چاپی یەكەم ١٩٨٥ز، چاپخانەی (الادیب البغدادیە)، بەشی یەكەم، ل ١٥٣-١٥٥.

لەسەر دەرکردنی ڕۆژنامەو بەدوای یەکدا بانگی کوردستان و ڕۆژی کوردستان و بانگی هەق و ئومێد ئیستقلالیان دەرکرد[١].

لەدوای گەڕانەوەی شێخ مەحمودو سوپاکەی بۆ شاری سلێمانی ئینگلیزەکان سلێمانییان بەجێ هێشت و نەیانتوانی چاپخانەکە لەگەلّ خۆیان ببەن و کەوتە دەست شۆڕشگێڕانی کورد، ئەو چاپخانەیە دەورێکی گەورەی لە ژیانی سیاسی و ڕوناکبیری ئەو ڕۆژە ناسکانەی کوردا بینی، لە هەمووی گرنگتر ئەو دوو ڕۆژنامەیە بوو کە وەك ئۆرگانی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بەناوی (بانگی کوردستان) و (ڕۆژی کوردستان)ەوەو بلآوی کردنەوەو هەر زووبوونە لاپەڕەیەکی زۆر دیاری ڕۆژنامەنووسیی کوردی[٢].

هاتنی ئینگلیزەکان بۆ سلێمانی لەگەلّ ئەوەدا چاپخانەیان هێنایە ئەو شارەو یەکەم ڕۆژنامەیان لەسەر خاکی نیشتمان بەزمانی کوردی دەرکرد، هەر ئەوانیش قوتابخانەیان کردەوەوەو خوێندنی بە خۆڕایی و بە زمانی کوردی بۆ یەکەم جار لەو شارەدا کرایەوە، لەسەردەمی دەسەلآتداریێتی شێخ مەحمودایشدا هەرچەند زۆری نەخایاند بەلآم لە کردنەوەی قوتابخانەو خوێندن بە زمانی کوردی هەنگاوی ناو لەو بوارەدا کاریگەری هەبوو.

---

1- بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی ڕۆژنامەوانی ی کوردی سالآنی نێوان دوو جەنگی جیهانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٢ چاپخانەی شڤان سلێمانی، بەرگی دووەم ل١٨.

2- بڕوانە: دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، ل ١٥٧.

## دەیەم : گەڕانەوەی دەستەی ڕوناکبیری کورد
## لە ئەستەمبوڵەوە بۆ کوردستان

شاری ئەستەمبوڵ پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بەبەراورد بە شارەکانی تری جیهانی ئیسلامی شارێکی فەرهەنگی و پێشکەوتوو بووە، هەروەها شوێنی کۆبوونەوەی ئازادیخوازانی گەلە جیاوازەکان بووەو لە هەمان کاتدا خاڵی بەیەك گەیشتنی شارستانی ئەوروپای پێشکەوتوو و جیهانی ئیسلامی بووە، لە سەدەی نۆزدەدا زۆر لە خوێنەوارانی کوردستان ڕوو دەکەنە ئەو شارەو زۆرێك لە خوێندەوارانی کورد وەك فەرمانبەر یا قوتابی دەزگای زانستی و سەربازی لە ئەستەمبوڵ کۆبوونەوە، هێشتا سەدەی نۆزدە کۆتایی نەهاتبوو کە لەناو ئەمانەدا هی وا هەڵکەوت بۆ خوێندن یان بۆ کاری دیپلۆماسی ڕویان کردە ئەوروپا، دیارە ئەم ڕوداوانە چاوی خوێندەوارانی کوردیان کردەوەو خستنیانە سەر ڕێبازێکی نوێ. هیچ لە خۆوە نییە کەسێکی وەك مستەفا پاشای یاموڵکی کەلە ڕیزەکانی سوپای عوسمانیدا گەیشتە بەرزترین پایەو ماوەیەکی زۆری ژیانی لە ئەستەمبوڵ بردە سەر، دوای گەڕانەوەی لەکاتێکی ناسکی مێژووی گەلەکەیدا ئەو هەموو بایەخەی بەکاری ڕۆژنامەنووسی دا[1].

گەڕانەوەی هەریەکە لە مستەفا پاشای یاموڵکی و ئەمین فەیزی و محەمەد ئەمین زەکی بەگ و حسەین نازم و ڕەفیق حیلمی و حاجی تۆفیقی پیرەمێرد و چەندانی تر ڕۆڵی گەورەو کاریگەریان هەبوو لەسەر شاری سلێمانی و بەرەو پێشبردنی پرۆسەی خوێندن و دەرکردنی ڕۆژنامەو هێنانی چاپخانەو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لەو شارەدا.

---

1- بڕوانە: دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، ل ٥١.

گومانی تێدا نییە کە شاری سلێمانی بەهۆی تازەیی شارەکەو مانەوەی کاریگەری تام و بۆنی دەسەلاتی کوردیی بابانەکان و مانەوەی دەسەلاتی شیعری و ئەدەبی سەردەمی بابانەکان و تین و تاوی ڕۆشنبیری و کوردێنی بەسەر سلێمانیدا زاڵبووەو لە ڕووی هۆشیارییەوە لە چەند لایەنێکەوە دەست سووکی و هەنگاوی خێرایان ناوە، بەتایبەتی لەبواری خوێندن بەکوردی و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری چ جای ئەو گۆڕان و ڕووداوانەی لە بیستەکاندا ڕوویانداو حکوومەتی خواروی کوردستان بەسەرۆکایەتی مەلیك مەحمود دامەزراو بووە بەردێکی پتەوی بناغەو کاروکۆششی بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و کردنەوەی قوتابخانەو دواتر پەرەسەندنی ڕۆشنبیری و بایەخدان بە زمانی کوردو نووسین بە زمانی کوردی، کە ئەمەیش بەشێکی بۆ ڕۆڵی ئەو خوێندەوارنە دەگەڕێتەوە کە لە ئەستەمبوڵ مێشکیان و ئاسۆی بیرکردنەوەیان کرابووەوەو جێی پەنجەیان لەسەر ڕوداوەکانی سلێمانی دیارە[١].

خوێندەوارو نووسەرو دەستەبژێری کورد، کە بەشێکی زۆریان خۆیان لە ئەستەمبوڵ و دەرەوەی کوردستاندا ژیاون و ئاگایان لەو گۆڕانە نوێیانە هەبووە کە لە ئەستەمبوڵدا ڕوویانداوەو لەوێشەوە کراونەتەوە بەڕووی ئەدەبیاتی ئەوروپاییدا، بۆیە منەوەرانی کورد کە هەردوو سەردەمی کۆن و نوێی ئەستەمبوڵ و کوردستانیشیان بینیبوو، لە هەوڵی هۆشیارکردنەوەو گۆڕان بوون لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا، ئەو ڕوناکبیرانەی شایەتی گۆڕانکاریەکانی تورکیابوون بۆ خەمی نەتەوە گەڕابوونەوە بۆ کوردستان وەك: (مستەفا پاشای یامولکی، ئەمین فەیزی، تۆفیق وەهبی ، محەمەد

---

1- بڕوانە: غازی حەسەن، خوێندەواری ڕێگەیەکی سەخت و درێژ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس- هەولێر، ل١١٩.

ئەمین زەکی بەگ، پیرەمێرد... هتد، زۆرێك لەمانە بەڵێنی ئەوەیان بەخۆیان و نەتەوەکەیان دابوو، کە ئەو ئەزموونی گەشەکردنی نەتەوەیی و بەخۆداهاتنەوەیەی تێدا ژیاون، بگەیەننە کوردستان و خەڵکی کورد[1]، ڕاستە لەهەموو ناوچەکانی کوردستانەوە خەڵك ڕوویان کردبووە ئەستەمبوڵ، بەڵام سلێمانی لەگەڕانەوەی ئەو ڕووناکبیرانە پشکی شێری بەرکەوت و هەریەك لەوانە کاری گەورەی ئەنجامدا لەبواری خوێندن و ڕۆشنبیری ز ڕۆژنامەنووسیدا.

کەسێکی وەك مستەفا پاشای یامولکی لە ساڵی ١٩٢١ دەگەڕێتەوە کوردستان و (کۆمەڵەی کوردستان) لە سلێمانی دروست دەکات و زۆرێك لە ڕوناکبیران لەو کۆمەڵەیە کۆدەبنەوەو ئامانجیان پشتگیری شۆڕشی شێخ مەحمودەو ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) لە ١٩٢٢/٨/٢ لە سلێمانی دەردەکەن، هەروەها یامولکی لە حکومەتەکەی شێخ مەحمودا دەبێتە وەزیری مەعاریف و لە زۆر بواری تردا هەوڵی داوەو کاری گەورەی کردووە[2].

ئەمین فەیزی کتێبی ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد بە کوردی دەنووسێ و بڵاوی دەکاتەوە، تۆفیق وەهبیی کتێبی ڕێزمانی کوردی دەنووسێت، محەمەد ئەمین زەکی بەگ وەك مێژوونووسێك چەندین کتێبی مێژوویی لەسەر مێژووی نەتەوەکەی دەنووووسێت، حاجی تۆفیقی پیرەمێرد وەك شاعیرو ڕۆژنامەنووسێکی گەورەو پێشەنگ دەوری گەورەو سەرەکی بووە لە بەرەو

---

1- بڕوانە: د. هەڤاڵ ئەبوبەکر، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم ٢٠١٠، چاپخانەی لەریا- سلێمانی، ل ٢٤٦-٢٤٨.

2- بڕوانە: د.عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى ١٤١٠ه، ١٩٨٩م، شركة المعرفة- بغداد، ص ٨٨-٨٩.

پێشبردنی پرۆسەی ڕووناکبیری و خوێندن و ڕۆژنامەنووسی لەو شارەدا، هەروەها هێنانی چاپخانەو سەرپەرشتی کردنی ڕۆژنامەی ژیان و ژین و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و کاری شانۆیی و، بەبەرزکردنەوەی بڵێسەی ئاگری نەورۆزی هەموو ساڵێك لە گردی مامەیارەو بە سرودە ناوازەکەی ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە زیاتر ڕووناکی خستووەتە شارەکەی مامەیارە[1].

جگە لەو هۆو فاکتەرە سەرەکیانەی کە باسکران و ڕوڵ و کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر گەشەکردن و پێشخستنی لایەنی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا، هەروەها کۆمەڵێك هۆی تریش کاریگەریان هەبووە لەسەر گەشەکردنی ئەو لایەنەی ژیانی فەرهەنگی ئەو شارەدا بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، وەك دروستبوونی کۆمەڵەو ڕێکخراوی جیاواز لەو شارەداو سەرهەڵدانی بیری نوێی وەك بیری نەتەوەیی و چەپ و عەلمانی و سەرهەڵدانی بیری نوێکردنەوەی ئایینی لەلایەنی زانایەکی منەوەری وەك شێخ محەمەدی خاڵ و، هاتنی دەرکەوتن و گەشەکردنی ئەو بیرە نوێیانە زیاتر دۆخی ڕوناکبیری و کۆمەلایەتی و سیاسی ئەو شارەی شلەقاند و لە دۆخی وەستاوی فکری ڕزگاری کرد.

---

1- بڕوانە: پیرەمێرد، دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەی مەحمود ئەحمەد محەمەد، مستەفا صالح کەریم، محەمەد نوری تۆفیق، ئەحمەد زرنگ مستەفا، چاپی یەکەم ١٩٩٠ چاپخانەی (دار الزمان) بەغداد، ل ١٠ بەدواە. هەروەها بڕوانە: پیرەمێرد دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەی ئومێد ئاشنا، چاپی دووەم ٢٠٠٩ز، دەزگای ئاراس- هەولێر، ل ٤٨ بەدواوە.

## یازدەیەم: بزاڤی ڕۆژنامەنووسی لە شاری سلێمانیدا

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا شاری سلێمانی دەبێتە ناوەندی ڕۆژنامەنووسی کوردی و بەبەردەوامی ڕۆژنامەو گۆڤار لەو شارەدا دەرچوون، هەر لە دەرچوونی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) و هێنانی چاپخانە بۆ سلێمامی لەلایەن ئیستعماری بەریتانیاوە، دواتر لەسەردەمی شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفیدا ڕۆژنانەکانی (ڕۆژی کوردستان و بانگی کوردستان و بانگی هەق و ئومێدی ئیستقلال)[1] دەرچوون، هەموو ئەمانە کاریگەری باشیان هەبووە لەسەر بوژاندنەوەی لایەنی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا.

لەدوای گەڕانەوەی دەستەی ڕوناکبیرو خوێندەوارانی کورد لە ئەستەمبوڵەوە بۆ سلێمانی و گرنگیدانیان بە بواری ڕۆژنامەنووسی کاریگەریان باشیان هەبووە لە پێشخستنی ئەو شارەدا، بەتایبەتی کەسێکی وەك (پیرەمێرد) دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، بەهەوڵی ئەم شاعیرە ڕوناکبیرە ڕۆژنامەی کوردی لە سلێمانیدا دەردەچێت، ڕۆژنامەی (ژیان ١٩٢٦–١٩٣٨) بە تەمەنترین ڕۆژنامەی کوردی بووە کە تا ئەو سەردەمە دەرچووە، لە ساڵی ١٩٣٢ پیرەمێردی شاعیر بووەتە سەرنوسەری هەتا لە ساڵی ١٩٣٨ داخراوە (٥٥٣) ژمارەی لێ دەرچووە.

ڕۆژنامەی (ژیان) دەکرێت بە ڕۆژنامەیەکی ناوچەیی ڕیزبەند بکرێت، چونکە بەهۆی هەلومەرجی ئەو ڕۆژگارەی کوردستان و نەبوونی ڕێگاوبان و

---

1- ئەم ڕۆژنامانە لەلایەن دەسەڵاتداریتی شێخ مەحمودی حەفیدەوە لە نێوان ساڵانی (١٩٢٢-١٩٢٤)دا لە سلێمانی دەرچوون. بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی ی کوردی، چاپی یەکەم ٢٠٠٢ز، سلێمانی، بەرگی دووەم، ل ١٤ بەدواوە.

هۆیەکانی بڵاوکردنەوە ئەو ڕۆژنامەیە زیاتر تایبەت بووە بە سلێمانی دەوروبەریەوە[1].

ڕۆژنامەی (ژیان) هاندەرێکی بەهێزی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری بووە لە کوردستاندا، لە هەمان کاتدا بەشێکی باشی چالاکیە ڕۆشنبیریەکانی سەردەمی خۆی تۆمار کردوە، هەواڵەکانی بڵاوکردوەتەوە، لەسەر هەندێکیان ریپۆرتاجی وردو پڕ بایەخ و، بۆ پشتیوانی هەندێکیان لێدوانی جوانی نوسیوە[2].

دوای داخرانی ڕۆژنامەی (ژیان) پیرەمێردی بلیمەت کۆڵی نەداو بە ماوەیەکی کەم توانی ئیمتیازی ڕۆژنامەی (ژین) وەربگرێ، لە ڕۆژی ١/٢٦/ ١٩٣٩ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (ژین) دەرچوو، بەڵام لە ژمارە (١) وە دەستی پێنەکرد، بەڵکو لە (٥٥٤) وە دەستی پێکرد، وەك درێژەپێدەری ڕۆژنامەی (ژیان) کە پێشتر لەلایەن حکومەتەوە داخرابوو، ڕۆژنامەی ژین هەتا ١٩٦٣/٢/٧ بەردەوام بوو (١٧١٤) ژمارەی لێ دەرچوو، ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆڵ و کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بەرەوپێشبردنی بواری ڕۆشنبیری و بزاڤی ڕۆژنامەنوسی لە سلێمانیدا، پیرەمێردیش زۆر هەوڵ و ماندووبوونی لەگەڵ کێشاو لە دوای مردنی ئەویش نەوەو بنەماڵەکەی سیانزە ساڵ درێژەپێدەری بوون[3].

---

1- بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گولچنین، کتێبی دووەم- بەرگی دووەم، ل٢١.

2- بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گولچنین، کتێبی دووەم- بەرگی دووەم، ل١٢٤.

3- بڕوانە: پیرەمێرد، دیوانی پیرەمێرد، ل٣٦ بەدواوە.

هەروەها دەرچوونی گۆڤارێکی بەهێزی وەك گۆڤاری (گەلاوێژ)، ئەم گۆڤارە ژمارە یەکی لە کانونی یەکەمی ١٩٣٩ دەرچووە، دوا ژمارەی لە ئابی ١٩٤٩ دەرچووە، دە ساڵ بەردەوام بووە، بۆ ڕۆژگاری خۆی یەکێك بووە لە گۆڤارە بەرزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[١]، (گەلاوێژ) هەرچەندە لە بەغداد دەرچووە، بەڵام زۆربەی نوسەرەکانی خوێنەرەکانی خەڵکی سلێمانی بوون و زیاتر کاریگەری لەسەر ئەم شارە بووە[٢].

گۆڤاری (گەلاوێژ) لەناو ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، شوێنی دیارو ڕۆڵی گەورەی لە گەشەو بەرەو پێشبردنی ئەدەبی کوردیدا بینیوە، گەلاوێژ لە ماوەی دە ساڵی تەمەنیدا، بووەتە جێی متمانەی ئەدیب و نوسەرو خوێندەواری کورد، تا ئەمڕۆش سەرچاوەی دەیان باس و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیە[٣].

(گەلاوێژ) لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردیدا شوێنێکی تایبەتی هەیە، ئەگونجێ وەکو قوتابخانەیەکی تایبەتی ڕۆژنامەوانی کوردی سەیری بکرێ[٤].

گۆڤاری (گەلاوێژ) ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە بڵاوکردنەوەی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی و چیرۆك و شیعرو بابەتی هەموجۆر، هەروەها لە دژایەتی

هەولنامەی کتێب

---

1- دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، ل٢٣٦.

2 - بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گولچنین، کتێبی دووەم- بەرگی دووەم، ل٤٣١ بەدواوە.

3- محەمەد دلێر ئەمین میسری، ڕۆڵی گۆڤاری گەویژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم ٢٠٠٤، سلێمانی، ل١ بەدواوە.

4 - بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گولچنین، کتێبی دووەم- بەرگی دووەم، ل٤٢٠.

بیری دواکەوتوو و بڵاوکردنەوەی بیری نوێ و ئاشنا کردنی هەموو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ بە ماف و ئەرکەکانیان، هەروەها ئەو گۆڤارە بە پێزە ڕۆڵی گرنگی بووە لە گەشەکردنی زمانی کوردی و پاکردنەوەی لە وشەی بێگانە.

بێجگە لە (ژیان و ژین و گەلاوێژ) کە ڕۆڵ و کاریگەری گەورەیان بووە لە بەرەو پێشبردنی ڕەوتی ڕۆشنبیری کوردیدا، هەر لە سیەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردودا کۆمەڵێك بڵاوکراوەی تر دەرچوون، هەروەها چاپ کردنی کتێبی کوردی ڕووی لە گەشانەوە بووە، زۆربەی کتێب و گۆڤارو بڵاوکراوەکان بەشێوە زاری سلێمانی بوون، هەر بۆیە زیاتر کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕۆشنبیری ئەو شارە بەجێهێشتووە.

## دوازدەیەم: دەرکەوتنی پارت و ڕێکخراو لە سلێمانیدا

لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو کۆمەڵێك پارت و ڕێکخراوی سیاسی و پیشەیی لە ناو کۆمەڵی کوردیدا دەردەکەون، هەریەك لەو ڕێکخراوانە ئۆرگان و بڵاوکراوەو بەرنامەی هۆشیاری و پێگەیاندنی خۆیان بووەو کاریگەری باشیان داناوە لەسەر گەشەکردنی و بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا.

یەکێك لەو ڕێکخراوانە کە لە شاری سلێمانیدا دروستکراوە (کۆمەڵەی کوردستان) بووە، ئەم ڕێکخراوە لە ٢١ تەموزی ١٩٢٢ دامەزراوە، لەدوای دامەزراندنی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) لە ٢ ئابی ١٩٢٢ دەرکردووە، مستەفا پاشای یامولکی خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەری بووە، کۆمەڵێك نوسەو و شاعیر هاوکاری دەرچوونیان کردووە، ئەم ڕێکخراوەو ڕۆژنامەکەیان



هەولنامەی کتێب

پشتگیری شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفیدیان کردووە، ڕۆژنامەکەیان ڕۆژنامەیەکی زانستی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی ئازاد بووە، ئەم ڕێکخراوەو ڕۆژنامەکەیان کاریگەریان هەبووە لەسەر گەشەکردنی خوێندن و ڕۆشنبیری و بیری نەتەوەیی و نیشتمانی لای تاکی کورد[١].

دروستبوونی کۆمەڵەی زانستی لە شەوی ٣/٢ نیسانی ١٩٢٦) ئەم ڕێکخراوە پێشەنگی کاری ڕێکخراوەی کۆمەڵی مەدەنیە لە کوردستاندا، کاری یەکەمی گرنگیدانی ئەو ڕێکخراوەو ئەندامەکانی بە خوێندن و خوێندنی کوردی لە سلێمانیدا، کاریگەری باشی بینیوە لە بەرەو پێشبردنی پرۆسەی خوێندن و ڕۆشنبیری لەو شارەدا، ئەم ڕێکخراوە قوتابخانەی (زانستی) شەوانە دەکەنەوە بۆ کاسبکارو ئەو کەسانەی بەڕۆژ نەیانتوانیوە بخوێنن، بۆ ماوەی چەند ساڵێك بەردەوام بووەو، هەنگاوێکی باش بووە لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و هۆشیارکردنەوەی خەڵکیدا.

ئەم کۆمەڵەیە ناوی خۆی بە خۆیەوە، واتە کۆمەڵێکی زانستی بوو، دوور بوو لەکاری ڕامیاری، ئەم کۆمەڵەیە لەکاتێکدا پێکهات کە قوتابخانە لە سلێمانیدا کەم بوو، ئەم کۆمەڵەیە قوتابخانەیەکی کردوەو زۆر کەسیان فێری خوێندن و نووسین کرد و کۆمەڵە تەمەنی گەیشتە دوازدە ساڵ، ئەم کۆمەڵەیە بە کۆشش و هیمەتی چەند کەسێك پێکهات، لەوانە: ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگە موتەسەڕیفی ئەوکاتی سلێمانی، کە پیاوێکی میشتمان پەروەر و

---

1- بڕوانە: د.عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الأولى ١٤١٠هـ-١٩٨٩م، بغداد، ص ٨٨-٩٠.

کوردێکی دڵسۆز بوو، بیری لەوە کردبووەوە کە خزمەتێکی خێرا بە شارەکەی بکات، باشترین خزمەتیش بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاریە، هەروەها جەمال بابان و پیرەمێردی شاعیر و رەفیق حیلمی و فایەق بەگی مارف بەگ و رەفیق فایەق لەدەستەی دامەزرێنەرو هەڵسوڕێنەری کاروباری کۆمەڵەی زانستی بوون، ئەوەی شایەنی باسە ئەم کۆمەڵەیە لەسەر حسابی گیرفانی خێرخوازانی سلێمانی دروست بوەو بەردەوام بووە.

یەکەم هەوڵی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە شاری سلێمانیدا بووە، کە دەستەیەك لە خوێنەوارانی شارەکە خۆبەخشانە پێی هەستاون، بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردا خوێندن بە کوردی لە شاری سلێمانیدا دەستی پێکردووە، هەروەها یەکەم دەنگی سروودی کوردی لە شاری سلێمانیدا بەرز بووەتەوە[1].

ئەم کۆمەڵەیە تایبەت بوو بە پیاوانی کاسبکار و ئەوانەی نەیاتوانی بوو لە کاتی خۆیدا بخوێنن، بەڵام ژنان و چان نەیاندەتوانی سود لە قوتابخانەی زانستی وەربگرن، هەر بۆ ئەم مەبەستە ژنانی هۆشیاری سلێمانی هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی زانستی تایبەت بە ژنانەوە، بۆ ئەم مەبەستە لەڕۆژی ٢٨ تەموزی ١٩٣٠ هەریەکە لە (حەپسە عیرفان،

1- بڕوانە: غەفور میرزا کەریم، تەقەلایەکی دڵسۆزانە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری لە سلێمانیدا: کۆمەڵی زانستی لە سلێمانی، چاپی یەکەم ١٩٨٥ بەغداد، ل ١٢ بەدواوە. جەمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی سێیەم، ل٣٠٧ بەدواوە. ئەکرەمی صاڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، ل ٥٩-٦٠.

بەدریە شێخ قادر، زەکیە میرزا تۆفیق قەزاز، ناهیدە سەلام) لە ماڵی حەپسە خانی نەقیب کۆبوونەوە، دوای خوێندنەوەی چەند وتارێك بڕیاریان دا خانووەیەك بۆ کۆمەڵە بکڕن بە هەموو پێداویستیەکانیەوە، هەر لەو کۆبوونەوەدا (٨١٧) ڕوپیە کۆکراوەتەوەو حەپسەخانی نەقیب مەکینەیەکی بەرگدروی پێشکەش بە کۆمەڵەکە کردووە کە بە (٣٩٥) ڕوپیە کرێبووی، بەم شێوەیە کۆمەڵە بەردەوام دەبێت[١].

لەدوای ساڵی ١٩٣٢ وە کە پیرەمێردی شاعیری دەبێتە سەرۆکی کۆمەڵە، بەهەوڵ و ماندووبوونی ئەم شاعیرە هۆشیارە کۆمەڵە زۆر پێشدەکەوێت و پولەکانی دەبنە پێنج پۆل و پۆلی شەشەمی تێدا دەکرێتەوەو بڕوانامەکانیان لەلایەن وەزارەتی ئەوکات باوەڕ پێکراو بووە، پیرەمێرد هەموو شەوانی سێ شەممە لە جیاتی وانە خوێندن دەیکاتە کۆڕی شیعر و ئەدەب و کە هەمووی دەربارەی هۆشیاری ۆمەلاٌیەتی و شیعری نیشتمانی بووە، ئەمەیش هەنگاوێکی باش بووە بۆ بەرەو پێشبردنی شیعرو ئەدەب و هۆشیاری نەتەوەیی و کۆمەلاٌیەتی لە سلێمانیدا[٢].

شاری سلێمانی بەهۆی تازەیی شارەکەو مانەوەی کاریگەری دەسەلاٌتی کوردی بابانەکان و مانەوەی دەسەلاٌتی شیعری و ئەدەبی ئەو میرایەتیە و تین و تاوی ڕۆشنبیری کوردانەیان بەسەر سلێمانیدا زاڵبووە، لە ڕووی

---

1- بڕوانە: غەفور میرزا کەریم، تەقەلایەکی دڵسۆزانە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری لە سلێمانیدا: کۆمەڵی زانستی لە سلێمانی، ل٦٣ بەدواوە.

2- بڕوانە: جەمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی سێیەم، ل ٣١٢ بەدواە.

هۆشیارییەوە لە چەند لایەنێکەوە هەنگاوی خێرایان ناوە، بە تایبەتی لە بواری خوێندن بە کوردی و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری، چ جای ئەو گۆڕان و ڕوداوانەی لە بیستەکاندا ڕوویاندا، حکومەتی کوردستان بەسەرۆکایەتی مەلیك مەحمود دامەزرا، ببوە بەردێکی پتەوی بناغەی کارو کۆشش بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و کردنەوەی قوتابخانە و دواتر گەشەکردنی ڕۆشبیری و بایەخدان بە زمانی کورد و نووسین بە کوردی، ئەمەیش بەشێکی بۆ ڕۆڵی ئەو خوێندەوارانە دەگەڕێتەوە کە لە ئەستەمبوڵ مێشك و ئاسۆی بیرکردنەوەیان کرابووەو جێ پەنجەیان بە زەقی لەسەر سلێمانی دیارە[1].

کۆمەڵی زانستی هەوڵی پێکهێنانی دەستەی بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانەداوە، لیژنەیشی بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنانەوە، هەرچەند ئەوڵە بەردی بناغەی گرنگیدانی ڕۆشنبیرانی کورد بووەو بە زمانی کوردی دوای ئەو هەوڵە ئەو بابەتە دەبێتە جێگەی خەم و باسی خوێندەوارانی کورد و وردە وردە زمانی نوسینی کوردی گەشە دەکات، هەتا دەگاتە سەردەمی گۆڤاری (گەلاوێژ) زمانی نوسینی کوردی تەواو بەرەو گەشەکردنێکی باش ڕۆیشتووە.

لە هەمووی گرنگتر ئەم ڕێکخراوە پشتی بە پارەی میری نەبەستوە بۆ بەردەوامبوونی، بەڵکو لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە پشتی بە پارەی میللەت و خێرخوازان و بازرگان و کەسایەتیەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری بەستووەو ئەوانیش درێغیان نەکردووە لە هاوکاری و

1- بڕوانە: غازی حەسەن، خوێندەواری ڕێگەیەکی سەخت و درێژ لە کوردستاندا، ل١١٩.

یارمەتیدانی، هەروەها بەهاوکاری خێرخوازانی سلێمانی هەوڵی کڕینی چاپخانەیەکیان داوە، بەڵام بەهۆی ڕوداوەکانی ئەو ڕۆژگارەوە نەتوانراوە بیکڕن[1].

کۆمەڵی زانستی جگە لە گرنگیدان بە خوێندن و خوێندەواری وەك لە بەرنامەی کاریدا هاتووە چەند ئامانجێکی تری گەورەی بووە وەك: دەرکردنی ڕۆژنامە و دانانی کتێب و کردنەوەی کتێبخانەو کۆڕو کۆبونەوەی ڕۆشنبیری و دامەزراندنی کۆمەڵی نوسینەوەی مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان و ئەتنۆگرافی و بڵاوکردنەوەی، هەروەها ناردنی قوتابی بۆ دەرەوەی وڵات بۆ تەواوکردنی خوێندەواری، کە هەریەك لەمانە گرنگی و بایەخی گەورەی خۆی هەیە لەپێشخستنی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی گەلاندا[2].

هەر لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕێکخراوەکانی وەك (دارکەر و برایەتی و حیزبی هیواو حیزبی ڕزگاری) دروست دەبن و بەشێکی باشی خوێندەوارو دەستەی ڕوناکبیری سلێمانی بەشداری لەو ڕێکخراوانەدا دەکەن، هەریەك لەو ڕێکخراوانە کاریان کردووە بۆ پێشخستنی و بیری نەتەوەیی و نیشتمانی و هۆشیارکردنەوەی میللەتەکەیان دەربارەی مافەکانی و بڵاوکراوەی خۆیان هەبووە.

1- بڕوانە: غەفور میرزا کەریم، تەقەلایەکی دڵسۆزانە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری لە سلێمانیدا: کۆمەڵی زانستی لە سلێمانی، ل ٥٥ بەدواوە.

2- بڕوانە: غەفور میرزا کەریم، تەقەلایەکی دڵسۆزانە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری لە سلێمانیدا: کۆمەڵی زانستی لە سلێمانی، ل ١٥ بەدواوە.

له ساڵی ١٩٤٦دا پارتی دیموکراتی کورد، که دوایی دەبێتە پارتی دیموکراتی کوردستان، وەك پارتێکی نەتەوەیی دادەمەزرێت، پارتی وەك قەبارەو زۆری ئەو خوێندەوارانەی لەدەوری کۆدەبنەوە بۆ کاتی خۆی کاریگەری هەبووە لەسەر پێشخستنی ڕۆشنبیری و بیری نەتەوەیی و گرنگیدان بە ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی نهێنی و ئاشکرا، ئەم پارتە چەندین ئۆرگانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوی قوتابیان و گەنجان و ئافرەتانی هەبووە، بۆ ئەو ڕۆژگارەی کورد هەنگاوێکی باش بووە لە پێشخستنی کاری ڕێکخراوەیی و ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەی ڕۆشنبیری لە هەموو کوردستاندا[1].

هەروەها (حیزبی شیوعی عێراق) کە لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە دەڤەری سلێمانی جەماوەرو هەواداری هەبووەو، زۆر گرنگیان بە ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێب و خوێندنەوە داوە، کاریگەریان هەبووە لەسەر گەشەکردنی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا[2].

---

1- بۆ ئاگاداربوون لە بزاڤی ڕۆژنامەوانی حیزبی شیوعی، بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی دووەم- بەرگی دووەم، ل ٥٨٥ بەدواوە.

2- بڕوانە: فاتح رسول، الجذور التاريخية لفكرة اليسار في كوردستان، ترجمة وتقديم: كمال غمبار، الطبعة الأولى ٢٠٠٨م، السليمانية، ص٣٥٤وما بعدها. هەروەها بۆ ئاگاداربوون لە بزاڤی ڕۆژنامەوانی حیزبی شیوعی، بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی دووەم- بەرگی دووەم، ل ٥١١ بەدواوە.

# کۆتایی توێژینەوە

بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی باری زانستی و ڕۆشنبیری لە میرایەتی باباندا لە هەردوو مەڵبەندی قەڵاچوالان و سلێمانیداو بەسەردەستەبوونی ئەدەب و زمانی ناوچەی سلێمانی لە کوردستاندا وەك زمانی ڕەسمی و ستاندار، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە ئەدەبییە سەردەمی میرایەتی بابان لە ناوچەی سلێمانیدا بووە، کە ئەویش کۆمەڵێك هۆو فاکتەری مەزوعی و بابەتی هەبوون یارمەتی ئەو پێشکەتنەی داوە، وەك پشتگیرو گرنگیدانی میرەکانی بابان بە زانست و ڕۆشنبیری و زانایان و قوتابیان و تەرخانکردنی بەشێکی گەورەی داهاتی ئەو میرایەتیە بۆ خەرجی و پێویستی خوێندن و کڕینی کتێب و کتێبخانەو ئەو کەس و کارمەندانەی لەو کتێبخانەدا خەریکی وەرگێڕان و دانانی کتێب و ڕێکخستنی کتێبخانەکان بوون.

هەروەها ئاڵوگۆڕی بازرگانی و لە نێوان سلێمانی و وڵاتی ئێران لەلایەك و لە نێوان سلێمانی بەغدا لەلایەکی ترەوە زیاتر دەرگای بەڕووی کرانەوەی ڕۆشنبیری و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگیدا کردووەتەوە، جگە لەوەی ئەدەب و

شارستانیەتی فارسی هەژموونی زۆری لەسەر ئەدەب و ڕۆشنبیری ناوچەی سلێمانیەوە هەبووەو بەهۆی نزیکی و دراوسێتی لەلایەك و بەڕەسمی بوونی زمانی فارسی لە میرایەتی باباندا لەلایەکی ترەوە زیاتر خەڵکی ڕوویان کردووەتە ئەو ئەدەبە دەوڵەمەندەو توانیویان خۆیان زیاتر ڕۆشنبیر بکەن و لەسەر شێوازی شیعری فارسی شیعری کوردی و فارسی بنووسن.

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم هاتنی داگیرکاری بەریتانی بۆ شاری سلێمانی و هێنانی چاپخانەو دەرکردنی ڕۆژنامەو هەوڵدان بۆ کردنەوەی قوتابخانەی مۆدێرن بە زمانی کوردی دەوری بینیوە لەسەر بەرەوپێشبردنی زانست و ڕۆشنبیری لەو شارەدا، هەروەها لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفیدو گەڕانەوەی دەستەبژێری ڕوناکبیری کورد لە ئەستەمبوڵەوەو ڕاگەیاندنی حکومەتی کوردستان لە سلێمانیدا هەنگاوێکی گرنگ و گەورە بووە لە مێژووی ڕوناکبیری سلێمانیدا.

زۆربوونی ژمارەی قوتابخانەو قوتابی مامۆستاو گرنگیدانی خەڵکی ئەو شارە بە خوێندن و هاتنی چاپخانەو زۆربونی ڕۆژنامەو دامەزراندنی دەستەو ڕێکخراو کۆمەڵەو پارتی جیاواز لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لەشاری سلێمانیدا دەوری گەورەی بینیوە لە پێشخستنی باری مەعریفی و ڕوناکبیری لەشاری سلێمانیدا.

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

١-ئەکرەمی مەحمودی صاڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی ٢٠٠ساڵ، پێداچوونەوەو پێشەکی د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، چاپی سێهەم بەدەستکارییەوە، چاپخانەی ڕەهەند- سلێمانی ٢٠١١، بەرگی یەکەم.

٢- پیرەمێرد دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەی ئومێد ئاشنا، چاپی دووەم ٢٠٠٩ز، دەزگای ئاراس- هەولێر.

٣- پیرەمێرد، دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەی مەحمود ئەحمەد محەمەد، مستەفا صالح کەریم، محەمەد نوری تۆفیق، ئەحمەد زرنگ مستەفا، چاپی یەکەم ١٩٩٠ چاپخانەی (دار الزمان) بەغداد.

٤- جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ سلێمانی.

٥- جەمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، چاپی یەکەم ١٤١٣ك-١٩٩٣ز، دار الحریە للگباعە بغداد، بەرگی یەکەم.

٦- خالیدی نەقشبەندی، مەولانا، عەقیدەی کوردی، محەمەدی مەلا کەریم ساغی کردووەتەوەو پێشەکی بۆ نووسیوەو پەراوێزی بۆ کردووە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی هەشتەم.

٧- تەها ئەحمەد ڕەسوڵ، شاری سلێمانی و خەسڵەتەکانی، چاپی یەکەم ٢٠١٢، چاپخانەی شاد- سلێمانی.

٧- ڕەشاد میران، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان، چاپی دووەم، ٢٠٠٠ز، کوردستان، بڵاوکراوەی سەنتەری برایەتی.

٨– عەبدوڵا غەفور، دکتۆر، ئەتنۆدیمۆگرافیای باشوری کوردستان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر.

٩– غازی حەسەن، خوێندەواری ڕێگەیەکی سەخت و درێژ لە کوردستاندا، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس– هەولێر.

١٠– غەفور میرزا کەریم، تەقەلایەکی دڵسۆزانە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری لە سلێمانیدا: کۆمەڵی زانستی لە سلێمانی، چاپی یەکەم ١٩٨٥ بەغداد.

١١– کەمال مەزهەر ئەحمەد، دکتۆر، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چای یەکەم ١٩٧٨ز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٢– کەمال مەزهەر ئەحمەد، دکتۆر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، چاپی یەکەم ١٩٨٥ز، چاپخانەی (الأديب البغدادية)، بەشی یەکەم.

١٣– کلاودیس جەیمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی، چاپی یەکەم ٢٠١٢، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، بەرگی یەکەم.

١٤– مەیجەرسۆن، سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، وەرگێڕانی: مینە، چاپی یەکەم ٢٠٠٧ز، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

١٥– فواد تاهیر صادق، ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم ١٩٨٩بەغداد، الشركة العراقية للطباعة الفنية.

١٦– مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، چاپی سێهەم، ٢٠٠٩ هەولێر– کوردستان.

هەولاتنامەی کتێب

١٧- محەمەد دلێر ئەمین میسری، ڕۆڵی گۆڤاری گەوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم ٢٠٠٤، سلێمانی.

١٨- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، مەلا، یادی مەردان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٩ بەغدا، بەرگی یەکەم.

١٩- نالی، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عبدالکریم، چاپی یەکەم ١٩٧٦ز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢٠- نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، چاپی یەکەم ٢٠١٢، الدار العربیه للعلوم ناشرون، بیروت- لبنان، کتێبی یەکەم.

٢١- نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا، چاپی دووەم ١٩٩٨ چاپخانەی خاك- سلێمانی.

٢٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی ڕۆژنامەوانی ی کوردی سالآنی نێوان دوو جەنگی جیهانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٢ چاپخانەی شڤان سلێمانی، بەرگی دووەم.

٢٣- هەژار، هەنبانە بۆرینە، چاپی یەکەم ١٣٦٩تاران- چاپخانەی سروش.

٢٤- هەڤاڵ ئەبوبەکر، دکتۆر، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم ٢٠١٠، چاپخانەی لەریا- سلێمانی.

## سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی


٢٥- احمد زكي البدوي، الدكتور، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، الطبعة الأولى ١٩٧٨، مكتبة لبنان- بيروت.

٢٦- أحمد الشنتناوي، ابراهيم زكي خورشيد، عبدالحميد يونس، دائرة المعارف الاسلامية، يصدرها باللغة العربية، ، الطبعة العربية.

٢٧- عباس العزاوي، المحامي، تقديم محمد علي القرداغي، شهرزور السليمانية اللواء والمدينة، الطبعة الاولى ١٤٢٠هـ-٢٠٠٠م، مطبعة السلمي، بغداد.

٢٨- عبدالستار طاهر شريف، الدكتور، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى ١٤١٠ه، ١٩٨٩م، شركة المعرفة- بغداد.

٢٩- عبدالكريم محمد المدرس، الملا، علماؤنا في خدمة العلم والدين، عني بنشره محمد علي القرداغي، الطبعة الاولى ١٤٠٣ه،١٩٨٣م، دار الحرية للطباعة- بغداد.

٣٠- عماد عبدالسلام رؤوف، الدكتور، مراكز ثقافية مغموررة في كردستان، الطبعة الاولى ٢٠٠٨م، مطبعة خاني- دهوك.

٣١- محمد القزلجي، التعريف بمساجد السليمانية ومدارسها الدينية، الطبعة الاولى ١٩٣٨ مطبعة النجاخ- بغداد.

٣٢- محمد احمد درينقة، الدكتور، الطريقة النقشبندية وأعلامها، بدون عدد الطبع ولا تاريخ النشر.

٣٣- محمد الخال، الشيخ، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، الطبعة الاولى ١٩٦١، مطبعة التمدن- بغداد.


هەولنامەی کتێب

٣٤- مسعر بن مهلهل الخزرجي أبو دلف، الرسالة الثانية، اعتنى بنشرها مينورسكي، بدون عدد الطبع، مطبعة جامعة القاهرة ١٩٥٥م، القاهرة.

٣٥- فاتح رسول، الجذور التاريخية لفكرة اليسار في كوردستان، ترجمة وتقديم: كمال غمبار، الطبعة الأولى ٢٠٠٨م، السليمانية.

٣٦- نزار اباظة، الدكتور، الشيخ خالد النقشبندي العالم المجدد حياته وأهم مؤلفاته، الطبعة الألى ١٤١٤هـ١٩٩٩٤م، دار الفكر- دمشق.

٣٧- نزيه حماد، معجم مصطلحات المالية والاقتصادية في لغة الفقهاء، الدكتور، الطبعة الأولى ١٤٢٩هـ ٢٠٠٨م، دار القلم، دمشق.

٣٨- ياقوت بن عبدالله الحموي الرومي البغدادي، معجم البلدان، الطبعة الثانية ١٩٩٥- دار الصادر، بيروت.

هەولنامەی کتێب

## گۆڤارو رۆژنامە

**٣٩- مەحمود ئەحمەد محەمەد، بایەخ پێدانی بابانەکان بە ئاستی زانست و رۆشنبیری لە قەڵەمڕەوەکەیاندا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٠٢تەموزی ١٩٨٤.**

**٤٠- کاوس قەفتان، دکتۆر، چەند سەرنجێك دەربارەی میرنشینی بابان، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات زانکۆی بەغدا، ژمارە ١٩ساڵی ١٩٧٦.**

## پێگەی ئەلیکترۆنی

٤١- پێگەی: http://ar.wikipedia.org ویکبیدیا الموسوعه الحره.

# پاشکۆی وێنەکان[1]

هەولنامەی کتێب

1- زۆر سوپاسی بنکەی ژین و مامۆستا رەفیق صالح دەکەین کە بە چەند وێنەیەکی نایاب و کۆنی سلێمانی هاوکارییان کردین نمونەیان زۆر بێت.


هەواڵنامەی کتێب






هەوڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب


رەوتی عەرەبانجیەکانی سلیمانی نەوروزی
١٩٥٩
ARMED STRUGGLE
FOR AUTONOMY



هەواڵنامەی کتێب




هەولنامەی کتێب



سلێمانی    شەقامی سالم    سالی شەستەکان

هەواڵنامەی کتێب



سلێمانی شەقامی سابونکەران ساڵی چلەکان


هەوڵنامەی کتێب



سلیمانی شەقامی مەولەوی ساڵی 1956

هەواڵنامەی کتێب






سلێمانی          مزگەو تی گەورە کاتی نوێژی جومعە          ساڵی 1957

هەوڵنامەی کتێب

هەوڵنامەی کتێب



قوتابخانەیەکی کۆنی سلێمانی




قوتابخانەی فەیصەڵییە

هەولنامەی کتێب



مزگەوتی گەورەی مێژویی خورماڵ لە ساڵی ١٩٦٠ گیراوە.

هەولێنامەی کتێب





هەوڵنامەی کتێب


**قوتابیانی قوتابخانەی زانستی سلێمانی**

هەولنامەی کتێب



**شارۆچکەی پێنجوێن لە ساڵی ١٩٥٥ گیراوە**

هەوڵنامەی کتێب



**مزگەوتی گەورەی سلێمانی لە ساڵی ١٩١٩ گیراوە**

هەواڵنامەی کتێب



# سلێمانی تارای زیوینی پۆشیوە

هەواڵنامەی کتێب

